گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرانبەر پرسی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٨٠-١٩٨٨)

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**خەلیل عەلی موراد**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- عیراق
khaleel.murad@su.edu.Krd

**نەهرۆ محەممەد عەبدولقادر**

زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- عیراق
Nihro.abdulqader@su.edu.krd

### زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن: ٢٠٢٠\٢\٢
پەسەندکردن:٢٠٢٠\٣\١٥

بڵاو کردنەوە:بەهاری٢٠٢٠

ووشە سەرەکییەکان

*Kurdish,*

*US, Halabja,*

*Anfal,*

### پوختە

لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوی پشتی لە کورد کرد، کوردی دووچاری شۆک و بێ هیوایەکی زۆر کرد، لە کاتێکدا پێشتر هیوای زۆری لەسەر ئەمریکا هەڵچنی بوو، ئەم هەڵوێستە ڕووگرییەی ئەمریکا بەگشتی کوردی نیگەران کرد، بۆیە ئەو پارتانەی لە دوای ١٩٧٥ جارێکی دیکە هاتنە مەیدانەکە هەڵوێستێکی دژە ئەمریکایان وەرگرت پێیانوابوو ئەمریکا خیانەتی لە کورد کرد. ئەمریکا بەردەوام جەختی لەوەدەکردەوە پرسی کورد بابەتێکی ناوخۆییە، پێویستە لە ناوخۆی عێراق چارەسەر بکرێن. هەوڵەکانی کوردیش بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمریکا یەکلایەنە بووە.

جەنگی عێراق- ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) ئەمریکای زیاتر لە عێراق نزیک کردەوە، بگرە چەک و زانیاری هەواڵگری گرنگی پێداوە ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات مەودای نێوان کوردو ئەمریکای زیاتر دوورکردەوە، بگرە لەسەر بنەمای دوژمنی دووژمنم دۆستمە کورد زیاتر لە ئێران نزیک بوونەوە، ئەمەش ئەمریکای نیگەران کردبوو. بەهۆی بەرژوەندییەکانیەوە ئیدارەی ئەمریکا بێ دەنگ بوو لە هەموو ئەو سیاسەتە سەرکووتکارانەی کە ڕژێمی عێراق بەرانبەر بە کوردی بەکارهێناوە تا گەیشتە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ١٦-٣-١٩٨٨، پرۆسەی ئەنفال، وێران وخاپوورکردنی دێهات و ناوچەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا ئاگادار ئەو بابەتە بوو، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییەکانی خۆی بێدەنگ کرد، بەڵام تاڕادەیەک جیاوازییەک لە نێوان سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا و کۆنگرێس و میدیای ئەمریکا هەبوون، لەگەڵ ئەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا چەند هەنگاوێکی نا لەدژی ڕژێمی عێراق، بەڵام لەلایەن ئیدارەی ئەمریکا بەرهەڵەستی لێکراوە.

دوای تەواوبوونی جەنگی عێراق- ئێران، دۆخەکە تاڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەرداهات، میدیاو کۆنگرێسی ئەمریکی توندتر لە جاران قسەیان لەسەر کیمیاییبارانکردن و سەرکوتکردنی کورد دەکرد، بەهۆی چەند پەرەسەندێکی دیکەی ناوچەیی و جیهانیەوە ئەمریکا بەرەبەرە دەستی لە پشتیوانیکردنی سەدام دەکشاندەوە، بەڵام بەرانبەر بە کورد ئامادەنەبوو هیچ بەرەپێشچوونێک بەدی بێت.

*Genocide*

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.2.04

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

کورد ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆشی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز هەیە، لەو سۆنگەیەوە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد بە دیاریکراویش لە باشووری کوردستان جێگەی مشتومڕ و تێرامـان و لێکـۆڵینەوەی قـوڵە لە قۆنـاغە جیاجیاکانـدا، ئەو تـوێژینەوەیە گەرەکییەتـی لە هەڵوێسـت و سیاسەتەکانی ئەو زلهێزە جیهانییە بکۆڵێتەوە بەتایبەتی دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی١٩٧٥ و بێهیوابوونی کورد لە ئەمریکا، لە کاتێکدا پێشتر هیواکانی لەسەر واشنتن هەڵچنی بوو. هەڵوێستی ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بەرانـبەر بە کـورد لە باشـووری کوردسـتان ١٩٨٠ -١٩٨٨ تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسـییە، لەمـاوەی جەنگـی عێـراق- ئێـرانە، تـوێژینەوەکە هەوڵـدەدات لە هەڵوێستی ئەمریکا لەو قۆنـاغەدا بکۆڵێتەوە کە  لە دوای ١٩٧٥ دەرگاکـانی لەسـەر کـورد دادەخـات، بە تەنیا و بێ پشت وپانە دەیهێڵێتەوە، بۆیە لە کوردستانی باشوور قۆنـاغێکی نـوێ لە خەبـاتی سیاسـی و چەکداری دەست پێدەکات کە گۆشکراو بە دژایەتی ئەمریکا.

لە بەرانـبەردا بە تێپەڕبـوونی کـات ئەمریکـا دەرگـای پەیوەنـدییەکانی بەڕووی  عێـراق دەکـاتەوە بەتـایبەتی دوای هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق- ئێـران (١٩٨٠-١٩٨٨) تـا دەگـاتە ئاسـایی بـوونەوەی پەیوەندییەکان گەیشتن بەبەهاری ئەو پەیوەندیانە لە ١٩٨٤ تەنانەت خۆی لە هەموو سیاسـەتە داپلۆسین و سەرکوتکردنەکانی ڕژێمی عێراق بێ دەنگکرد کە لە بەرانبەر کـورد بەکاری دەهێنـا کە تـا گەیشـتە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، کۆمەڵکوژیی، پرۆسەی ئەنفال کە یەکەمین جار بوو ڕژێمێـک ئەو چەکە لە دژی دانیشتوانەکەی بەکاربهێنێت، کەچی بە درێژایـی ئەو قۆنـاغە ئەمریکا لەبەر بەرژەوەندییەکانی بێ دەنگی هەڵبژاردووە.

تـوێژینەوەکە بۆ چـوار تەوەری سـەرەکی دابەشـکراوە، لە تەوەرەی یەکەم بـاس لە هەڵوێستی پـارتە کوردسـتانییەکان دەکرێـت کە لە دوای نسـکۆی١٩٧٥ پـارت وکۆمەڵەکـان ئاراسـتەیەکی چەپ و دژە ئەمریکاکایـان وەرگـرت. لە تەوەرەی دووەم:  بـاس لە کیمیابـارانکردنی هەڵەبجە و هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکـا دەکرێـت . تەوەری سـێیەم تەرخـانکراوە بـۆ هەڵوێسـتی کـۆنگرێس ئەمریکـا لە بەرانـبەر کیمیابـارانکردنی هەڵەبـجەو سیاسـەتەکانی ڕژێمـی عێـراق کە تـاڕادەیەک جیـاواز بـووە لە ئیـدارەی ئەمریکا. هاوکات تەورەی چوارەمیش ئاماژە بە پرۆسەی ئەنفال و  هەڵوێستی ئەمریکا دەکرێت.

توێژینەوەکە پشت ئەستوورە بە چەندین بەڵگەنامە و سەرچاوەی جیاوازی بە زمانە جیاوازەکان وەک ئینگلیزی، عەرەبی و کوردی. دیارترین ئەو سەرچاوانەی کە بەکارهاتوونە یاداشتی رۆناڵد رێگن سەرۆکی ئەمریکا کە لەماوەی ١٩٨١- ١٩٨٩ سەرۆکی ئەمریکا بوو، نووسین و کتێبەکانی ئەندامانی کۆنگرێس، بەڵگەنامەکانی ئەمریکا لەوانەش وەزارەتی دەرەوە، ئیدارەی ئەمریکا، کۆنگریسی ئەمریکا و چەندین کتێب بە زمانی ئینگلیزی وەک:

Hiltermann, Joost R.,( 2007) ,A poisonous Affair / America, Iraq, and the Gassing of Halabja, New York, Cambridge University Press.

Lokman I. Meho, (2004),The Kurdish Question in U.S Foreign Policy / A Documentary Sourcebook, Westport, Connecticut London,.

Peter W. Galbraith ,(2008) The End of Iraq: How American Incompetence Created a War without End Paperback ,Publisher Simon & Schuster.

REPORT )، 1989(, COUNTRY REPORTS ON HUMAN RIGHTS PRACTICES FOR 1988 SUBMITTED TO THE COMMITTEE ON FOREIGN RELATIONS U.S. SENATE AND BY THE COMMITTEE ON FOREIGN AFFAIRS U.S. HOUSE OF REPRESENTATIVES ,WASHINGTON FEBRUARY . The Gassing Of The Kurds, DEPARTMENT OF STATE September 9, 1988 (House). Legislation to Impose Sanctions against Iraqi Chemical Weapons Use, Markup before the Committee on Foreign Relations, House of Representatives, US Government Printing Office, Washington DC, .1988

ئەمانە بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە تێیدا دەردەکەوێت کە ئیدارەی ئەمریکا ئاگاداری کیمیایی باران و ئەو سەرکووتکارییە کە ڕژێمی عێراق بەرانبەر بە کورد بەکاری هێناوە. هەروەها هەندێک سەرچاوی بیانی هەن کە وەرگێراونەتە سەر زمانی کوردی ئەمەش بایەخ تایبەتی خۆیە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە سوودی لێوەرگیراوە وەک پاوەر، سەمانسا،(٢٠٠٦)،ئەمریکاو ئەنفال، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کە وردەکاری زانیاری دانسقەو گرنگی تێدایە. وێڕای هەندێک سەرچاوی دیکەی کوردی وەک ساڵح،گۆران ئیبراهیم، (٢٠١٣)، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥-٢/ئابی ١٩٩٠، چ١،هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات. کە ئەمەش باس لەو هەڵوێستەی ئەمریکا دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها کۆمەڵێک سەرچاوی دیکەی عەرەبی یاخود بیانین وەرگێردراونەتە سەر زمانی عەرەبی بەهەمان شێوە سوودی لێوەرگیراون لەوانە: كوولي، جون ، (١٩٩٢) , الحصاد/ حرب امريكا الطويلة في الشرق الاوسط، ترجمة: عاشور الشامس، الطبعة الرابعة، بيروت-لبنان، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر. ئەم کتێبە زانیاری زۆر باشی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق لە خۆگرتووە . هەروەها هەوڵدراوە دیدار و چاوپێککەوتن لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە لەنێو ڕووداوەکان بوونە وەک دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەمانە و دەیان سەرچاوەی دیکە بەکارهێنراون بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.

بۆ شێوازی نووسینی توێژینەوەکە و ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان، توێژەر لەبەر ڕێنمایی گۆڤار، شێواز و سیستەمی هارڤاردی بەکارهێناوە،لەمەشدا لە ئاماژەکردن بۆ ناوی نووسەری سەرچاوەکان، ناوی سێیەمی وەرگرتووە و دواتریش ساڵی چاپ و ئینجا لاپەڕەی سەرچاوەکەی نووسیوە و ئەمەیان بۆ گۆڤارەکانیش ڕاستە،بەڵام بۆ ڕۆژنامەکان تەنیا ئاماژە بە ناوی ڕۆژنامەکە و ڕۆژی دەرچوونی کراوە و لاپەڕەکەی ئاماژەی بۆ نەکراوە. جگە لە وانەش بۆ دیمانەکان ناوی سێیەم لەگەڵ ڕۆژ و مانگی و ساڵدا ئاماژەی بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە لە کەلێن و کەموکوری بە دوور نییە، بۆیە دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و زانستیانە لێی بڕوانرێت و توێژەری لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر و گونجاو بخرێتە بەر دیدی خوێنەران.

**تەوەری یەکەم: ئەمریکاو پارتە کوردییەکان**

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، بەشێوەیەکی گشتی کورد لە بەرانبەر ئەمریکا بێهیوابوو، لە کاتێکدا هیوای گەورەی بەو وڵاتە هەڵچنی بوو، بەڵام لە پڕێکا لە گۆڕەپانەکەدا بێ پشت و پەنای هێشتەوە (عقراوي،٢٠٠٠:٤٢٠)، بۆیە دوای ئەو ڕووداوانە خەباتێکی نوێ سیاسی و چەکداری لە باشووری کوردستان دەستپێکرد(حەمەدئەمین،٢٠٠٦:ل١٣٣). پارت و ڕێکخراوەکان زیاتر ئاڕاستەیەکی نەیاری ئەمریکا بەخۆدەبینێت و بە خیانەتکار وێنەیان دەکردو دژی بوون، زیاتر بەئاراستەی چەپگەرایی چوون، لەو چوارچێوەیدا کە شۆڕش تێکچوو چەندین پارتی نوێ پەیدابوون تەنانەت ئەوانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی کاتی(١)یان پێکهێنا بەلای چەپدا ڕۆیشتن، مەحمود عوسمان ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکەم: پێیانوابووە ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل شۆڕشەکەیان ڕووخاندووە، ڕێککەوتننامەی جەزائیریان کردووە وەک کاردانەوەیەک بوو دەبێ چەپ بن بۆ ئەوەی بەرەنگاریان ببنەوە. هۆکاری دووەم: ئەوکات خۆدەرخستن زۆر بوو، بۆنمونە"من چەپم ئەو چەپە، دەبێ ئەمن لەو چەپتربم هەمووان تووشی ئەو موزایەدە ببوون وەک ئەوەی کە ئەمە ئیستیعمار تێکیداوە، دەبێت ئەمانە دژی ئەمەبن، بەگشتی وا وێنادەکرا شۆڕشەکە ڕاست بووە، ئەوانەی تێکیان داوە ڕاست و ئیمپیرلیزم بوون بۆیە وەک کاردانەوەیەک ئەوانەی کە دروستبوون و شتی تازە دەهێنن چەپن، ئەوسا موزایەدەش پەیدابوو، بۆ نمونە کۆمەڵە(٢)چەپە و سەرکردایەتی کاتی چەپترە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆسیالیست ڕایگەیاند  ئیشتراکی زانستی چەپە، یەکێتی کە دروستبوو گوتیان سۆسیالیست دیموکراتین و چەپین، بەگشتی وەک کاردانەوەیەک ڕەوتێکی چەپی گشتی دروستبوو"(عوسمان، چاوپێککەوتن، ٢٠١٩/٥/٨). جگە لەو دژایەتییەی ئەمریکا خەڵکی دیکە پێویستە سەرەنجی بۆ ڕاکێشین، ئەو کات بیری چەپگەرایی لە جیهاندا باو بوو، زۆربەی هێزە ڕزگاریخوازەکان سەرسام بوونە بەم بیرۆکەیە.

لە ڕاپۆرتی کۆنفرانسی دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دوویات لەوە کرایەوە"پارتیمان لە بیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیدا، لەسەر تیۆری مارکسی-لینینی دەڕوات، بیری کادرو ئەندامەکانی خۆی بەو تیۆرە ڕۆشن دەکات"(پارتی دیموکراتی کوردستان "سەرکردایەتی کاتی"،١٩٧٦:٨١). لەبارەی ئەمریکا جەختلەوەکرایەوە"پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردە، بەوپەڕی توانایەوە خەبات دژی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی ئەمریکایی دژی میللەتان دەکات کە لێپرساوی یەکەمە بەرانبەر بە ڕوخانی کۆماری مەهاباد (کۆماری کوردستان لە مەهاباد:توێژەران)،پیلانی جەزائیرو هەموو پیلانەکانی ڕابردوو کە دژی شۆڕشی ئەیلول کراون".(پارتی دیموکراتی کوردستان"سەرکردایەتی کاتی"،١٩٧٦:٩٥-٩٦).کاتێک مستەفا بارزانی دووچاری نەخۆشی دەبێت سەرەتا کاربەدەستانی ئەمریکا ڕێگری لێدەکەن بچێتە ئەمریکا دواتر بواریانداوە بەو مەرجەی هیچ دیدارو چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی ئەنجام نەدات،بەڵام لە پاشان جۆزێف سیسکۆ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ماکلەین-ی ویلایەتی ڤێرجینیا چاوی بە بارزانی کەوت و لەگەڵیدا دۆخی کوردی تاوتوێکرد(ساڵح،٢٠١٣:١٣٣-١٣٤).

یەکێتی نیشتمانی کوردستان(٣)، هەر لە سەرەتای دامەزراندییەوە ئەمریکای بە"وڵاتێکی ئیمپریالیست و پشتیوانکاری ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی وەک ئێران و عێراق"لەقەڵەمدا(البیان الاول للاتحاد الوطني الکردستاني ١ حزیران ١٩٧٥). ئەمریکاش نەیدەویست هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو حزبە هەبێت بەهەمان شێوەش یەکێتیش ئەو خواستەی نەبوو تەنانەت لە دروشمەکانیدا دژایەتی ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(ساڵح،٢٠١٣:١٤٠).بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان(٤) لە یەکەم بەیاننامەی خۆیدا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٦دا جەختیکردەوە وەک ڕێکخراوێکی چەپی دیموکراتی شۆڕشگێڕ باوەڕیان بە مارکسیزم و سۆسیالیزمی زانستی هەیە (نێروەیی،٢٠٠٨:٦٤-٦٥).

دوای بەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران،هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتوانیان بۆ شۆڕش ڕاگەیاندو پیرۆزبایيان لە خومەینی کرد(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساڵح،٢٠١٣:١٧١-١٧٢).ئەمریکاش کوردی وەک هاوپەیمانی ئێرانی خومەینی دەبینی( 18-Hiltermann, 2007:19). بە تێپەڕبوونی کاتیش پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت دواتر جەنگی  نێوان ئەو دوو وڵاتەی لێکەوتەوە(١٩٨٠-١٩٨٨) کە ئەمریکا تاڕادەیەکی زۆر هاوکاری عێراق بوو، لە بەرانبەردا لایەنە کوردییەکان پشتوانیان لە ئێران وەردەگرت لە دژی ئەو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕژێمە، ئەمەش ئەمریکای نیگەران کردبوو ترسی لەوە هەبوو کورد لەگەڵ شیعەکانی باشووری عێراق یەکبگرن و بەعسییەکان لە دەسەڵات بڕوخێنن،ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست دەکرد(عیسا،٢٢٦:٢٠٠٨). لە ئاستی هەرێمیدا ئەمریکا بەشێوەیەک سەیری کوردی دەکرد هاوسەنگی هێزە هەرێمییەکان لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی ڕابگرێت، دەبوو ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگن،(Ronald Reagan) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(١٩٨١-١٩٨٩) ئاگاداری ئەوەبێت هەر جۆرە پشتوانییەکی پرسی کورد کە ببوایە هۆی دەستبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، لەپاشان سەری دەکێشا بۆ پشێوی هەرێمی، ئەمەش پێچەوانەی ستراتیژیەتی ئەمریکا بوو لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە ناوچەکەدا(ساڵح،٢١٢:٢٠١٣).ئەمەش سیاسەتی تەقلیدی ئەمریکا بوو پێش ڕۆناڵد ڕێگن-یش، بەوپێیە هەڵوێستی بەرانبەر بە کورد کاریگەری دەکاتە سەر هاوپەیمانەکانی تورکیاو ئێران.

لەساڵی ١٩٨٢ لە پێشهاتێکی تازە،گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراق دەستپێکرد، تا گەیشتە ئەوەی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ شاندی یەکێتی چووە بەغدا، لە ٣ی ئەیلولی ١٩٨٤ شاندی ڕژێمی عێراق هاتنە کوردستان بە دیاریکراویش ناوچەی سووررداش (مام جەلال دیداری تەمەن،٢٠١٧،ب١٤٧:٢-١٨٨). نووسەرێک ئاماژە بەوەدەکات ئەمریکا جەلال تاڵەبانی ئاگادارکردووەتەوە لەبارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات ئەمەش لەپێناو بەهێزکردنی عێراق لە دژی ئێران (علي،٢٠٠٨: ١٥) . مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە ئەو گفتویانەی نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراق "لە چوارچێوەی پلانێکدا بوو ئەمریکاو فەرەنسا خەریکی دارشتنی بوون بۆ کەمکردنەوەی گوشاری شەڕی ناوچەکانی کوردستان لەسەر حکومەتی عێراقی"(بەشی ڕێکخستنی پ.د.ک، بارزانی، چاوپێکەوتن: ٣٢-٣٣) . نەوشیروان مستەفا کە خۆی یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی دانووستاندنکاری یەکێتی بوونی گوشاری ئەمریکا ڕەتدەکاتەوە جەختلەوەدەکاتەوە، "کارێکی عەیبە بوو بۆ یەکێتی و هەر پارتێکی دیکەی کوردی لەو کاتەدا لە ئەمریکا نزیکبێتەوە"( ساڵح،٢٤٠:٢٠١٣).لای خۆیەوە دکتۆر مەحمود عوسمان ڕەتیدەکاتەوە ئەمریکا هیچ ڕۆڵێکی لە دانووستاندنەکانی یەکێتی و حکومەتی عێراق هەبووبێت(عوسمان، ٢٠١٩: چاوپێکەوتن).

بەڵام مام جەلال لەوبارەوە دەڵێ " ولیام ئیلیگتن باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق هێشتا پەیوەندی لە نێوان عێراق و ئەمریکا دروست نەبووبوو، جارێکیان لە گفتوگۆی (١٩٨٣-١٩٨٤)دا ویستی بێت بۆ لامان و هەتا دوکانیش هات بۆ ئەوەی بێتە سووررداش، بەڵام نەیانهێشت بێت بۆ لامان، بەڕاستی ئەوە یەکەم هەوڵی ئەمریکا بوو، بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵدا پەیدابکات، لەو سەردەمەدا کە لەگەڵ عێراق گفتوگۆمان هەبوو، ئەمریکا زۆری پێباش بوو، تەشویقیان دەکردین، پێیان ڕادەگەیاندین باش دەبێت لەسەری بڕۆن"(مام جەلال دیداری تەمەن،٢٠١٧،ب٢:١٩٣). زۆری نەبرد دانووستانەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شکستیانهێنا، لای خۆیەوە جەلال تاڵەبانی بەشێک لە ئۆباڵی شکستی گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق دەخاتە ئەستۆی ئەمریکا، ئاماژەی بەوەکردووە ئەمریکا بەڵێنی بە عێراق دابوو ڕێگەنەدات ئێران خاکی عێراق داگیربکات و ڕژێمی سەدام حوسێن دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، ئەمەش وای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کرد لە خۆیان دڵنیابن، هەست بەوە بکەن هیچ پێویستیان بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نییە(بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، ٢٠٠٩: ٧٩؛ مام جەلال دیداری تەمەن،٢٠١٧،ب٢: ١٦٣).

ئەمریکییەکان لە هەشتاکاندا ئامادەنووە بە فەرمی بەرپرسانی کورد ببینن، مام جەلال دەڵێت" لە هەشتاکانەوە ناوبەناو کەسانی وەک ولیام ئیگلتن لە ئەورووپا نوێنەری یەکێتی دەبینی، بەڵام بینینەکە بە سیفەتی کەسی بوو، نەیاندەوت ئەوە بە سیفەتی ڕەسمییە، هەندێکجار ڕاسپاردە و قسەیان بۆ دەناردین" (مام جەلال دیداری تەمەن،٢٠١٧،ب٢: ١٩٣). مەحمود عوسمان پێیوایە ئەمریکا هیچ گرنگییەکی بە کورد نەداوە کوردیش تێی نەگەیشتووە، ئەمریکا بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانەو پێیوایە بەشێکی لە عێراق و لەو چوارچێوەیدا مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات، بوونی کورد لە ئەجێندانی ئەمریکا نەبووە هیچ شتێک بەناوی دۆسیەی کوردی لە ئەمریکا نەبوو، بۆیە زۆر گرنگی بەوە نەدەدا پارتە کوردییەکان چی دەکەن و ئامادە نەبوو سڵاو لە هیچ کوردێک بکات، پارتە کوردییەکانیش بەردەوام هەوڵیانداوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا دروستبکەن،بەڵام هەرگیز ئەمریکا لەگەڵ هیچ لایەک و حزبێکی کوردی وەڵامی نەبووە.وەک مەحمود عوسمان دەڵێت "یەک گۆڵی لەلایەکەوە کراوە، بەڵام ئەمریکا وەڵامی نەبووە"(عوسمان،چاوپێککەوتن،٢٠١٩/٥/٨).تەنانەت ئەمریکا ئامادەنەبوو ڤیزا بداتە بەرپرسانی کورد (ڕاندال،٢٠٠١:١١٦). ئەو کات لە هەگبەی ئەمریکا شتێک نەبوو بە ناوی پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا.

پشتیوانیکردنی ئەمریکا لە عێراق بە جۆرێک بوو خۆی بێدەنگکردبوو لە بەرانبەر هەموو ئەو تاوانانەی کە لەدژی کورد ئەنجامیدەدا، لەوانە ڕەشبگیریکردنی بارزانییەکان، کاتێک لە شەوی ٣١/٣٠ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٣ لە قوشتەپەی نزیک شاری هەولێر شاڵاوێکی ڕەشبگیری بارزانییەکانی دەستپێتێکرد هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەرووو ١٤ ساڵ و نێر بوون گیران دواتر لە ئۆردوگاکانی بەحرکە،هەریر و دیانە بەهەمان چارەنووس چوون، لە سنووری سعودیەو ناوچە بیابانییەکاندا بێسەروشوێنکران(نێرووەیی،٢٠٠٨:٣١٦). ئەمریکا ئاگاداریی ئەو ڕەشبگیرییە بوو، دەیڤد نیوتن باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا ئاماژەی بەوەکردووە:"ئێمە دەمانزانی بارزانییەکان چیان بەسەردا هاتووەو هەرگیز لە ساڵی ١٩٨٣وە نەگەڕانەوە"(پاوەر،٢٠٠٨:٢٦). تەنانەت بەپێی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٩٨٣دا گازی ژەهراوی لە حاجی ئۆمەران لە دژی کورد بەکارهێنراوە (نێرووەیی،٢٠٠٨: ٤٧٣). بۆیە حکومەتی ئەمریکاو دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ئاگاداری ئەوەبوو کە عێراق چۆن چۆنی و لە کوێ چەکی کیمیایی دەستکەوێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیدارەی ڕێگن لە ڕاپۆرتێکدا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ ئەمەی ڕوونکردبووە(کوولی،١٩٩٢:٢٣٠).یەکەم ڕاپۆرت لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ گەیشتە دەست جۆرج شوڵتز(George Shultz)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام تاوەکو ٥ی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٤ گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەی سەرکۆنەکردنی ڕانەگەیاند، تەنانەت ئەو کاتەش لە ڕێگەی سەرکۆنەکردنی هەردوولاوە عێراق و ئێران خۆی لە لۆمەکردنی عێراق شاردەوە، ئەمریکا بەردەوام پاساوی دەهێناوەیەو وەڵامی ئامادەباشی ئەمریکاش بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی کە باسیان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکرد، جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ دەکەن"(پاوەر،٢٠٠٨:١٦).

مەحمود عوسمان لە ١٩٨٦ و ١٩٨٨ وەک نوێنەری حزبی سۆسیالیست و دواتر بەرەی کوردستانی چووەتە ئەمریکا بۆ دروستکردنی پەیوەندی، بەڵام ئەوکاتە ئەمریکا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەدام هەبوو وەک ئەو باسی دەکات "لە ساڵی ١٩٨٦ کەس منی نەبینی تەنانەت کارگوازرێکیش، ساڵی ١٩٨٨ بەهەمان شێوە ئەو کات نوێنەری بەرەی کوردستانیش بووم، کەس منی نەبینی چونکە ئەمریکا لەگەڵ سەدام ئەوەند ڕێکبوون و پاڵپشتی تەواوی سەدامیان دەکردو ئامادەنەبوون بۆ کورد"(عوسمان،چاوپێککەوتن، ٢٠١٩/٥/٨).

**تەوەری دووەم: ئەمریکاو کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە**

کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە یەکێک پێشهاتەکان بوو( Callinicos, 19)، ڕۆژی ١٥ی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٨هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سوپای ئێران هەڵەبجەیان کۆنترۆڵکرد، حکومەتی عێراق لەسەرەتا هیچ پەرچەکردارێکی نەنواند، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ڕۆژی دواتر لە ١٦ی مانگ دژە هێرشی ئاسمانی و زەمینی دەستپێیکرد لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بەشێوەیەکی فراوان هەڵەبجەی بە چەکی کیمیایی بۆردوومان کرد، نزیکەی ٥٠ فڕۆکە هێرشەکەیان ئەنجامدا، هەریەک ٤ بۆمبی(٥٠٠کگم) یان هەڵگرتبوو هەڵەبجەیان بۆردوومانکرد( بۆ زانیاری زاتر بڕوانە: ساڵح،٢٠١٣:٢٨٩؛Hiltermann,2007:4-5). چەند کاتژمێرێک دوای ئەنجامدانی کیمیایی بارانەکە، کەمال خەرازی سەرۆکی دامەزراوەی پروپاگەندەی جەنگی ئێران، عێراقی بە ئەنجامدانی ئەو هێرشە کیمیاییە تۆمەتبارکرد،بەڵام هەر زوو عێراق ئەمەی ڕەتکردەوەو تاوانەکەی خستەئەستۆی ئێران(Hiltermann,2007:4-5). یەکەمین جاربوو حکومەتێک بەو ڕادەیە بە چەکی کیمیایی خەڵکی سڤیلی خۆی کۆمەڵکوژ و ژەهراویی بکات(ڕانداڵ،٢٠٠١:٤٣)

یەکەم هەواڵی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە بە فەرمی لەلایەن ئێران بوو کاتێک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ١٨ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨ ڕایگەیاند عێراق هەڵەبجەی بە چەکی کیمیایی بۆردوومانکردووە (Lin, 2007:3629)، چوار ڕۆژ دواتر لە٢٢ی مانگ، ڕیچارد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مورفی(Richard W Murphy) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، قسەی لەبارەی جەنگی عێراق- ئێران کرد، هیچ ئاماژەیەکی نەدا  بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نە لە پرۆسەی ئەنفال و نە لە هەڵەبجەدا، بەڵکو زیاتر فۆکسی کردە سەر پاراستن و بەرگریکردنی کەنداو و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران، بەهیچ شێوەیەک باسی چەکی کیمیایی نەکرد، تەنانەت باسی سەرکووتکردنی کوردیشی نەکرد( Murphy, 1988 ).

هاوکات سەدام حوسێن کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی خستە ئەستۆی ئێران ئەو کاتیش هەریەک لە ڕۆناڵد ڕێگن سەرۆکی ئەمریکاو دەزگای هەواڵگری ئەمریکا پشتوانیان لەو لێدوانەی سەدام حوسێن کرد (Kelly,2008:36). واشنتن بەگومانەوە دەیڕوانییە ڕاپۆرتەکانی کیمیابارانکردن،ئەمریکییەکان ئەوەندە دژی ئێران بوون باوەڕیان بە سەرچاوە ئێرانییەکان نەدەکرد، تەنانەت کاتێک لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ عێراق چەکی کیمیایی لە دژی کورد بەکارهێنا دوو ڕۆژنامە سەرەکییەکەی ئەمریکا نیۆرک تایمز و واشنتن پۆست نووسینی پچڕپچڕیان بڵاوکردەوە، بەڵام هەرخێرا ئاماژەیان بەوەدا سەرچاوەی تۆمەتبارکردنەکان ئێرانییەکانن" (پاوەر، ٢٠٠٨:٢٨). لە ڕاستییدا ئەمریکییەکان باوەڕیان بەو زانیاریانە دەکرد، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بە ئەنقەست خۆیان وانیشاندەدا. سیاسەتمەدارێکی کورد جەختلەوەدەکاتەوە ئەمریکا بە ڕادەیەک لەگەڵ عێراق بوو گوتیان هەڵەبجە لەلایەن ئێران کیمیابباران کراوە، بۆیە تارق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق ئەو کات ڕاگەیاند ئەمە ئەمریکا خۆی دەڵێت ئێران بە کیمیایی لە هەڵەبجەی داوە بۆیە "ئەمریکا بوو بە شاهێدی درۆ بۆ سەدام"( عوسمان، چاوپێککەوتن، ٢٠١٩/٥/٨).

یەکەم کاردانەوەی فەرمی ئەمریکا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێگای چارڵش.ئی ڕێدمان (Charls E Redman) گوتەبێژی وەزارەتەکە هات کاتێک ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییکرد لە جەنگی عێراق- ئێران. دواتر ئیدارەی ڕۆناڵد ڕێگن ئاماژەی بەوەکرد ڕەنگە ئێران گازی ژەهراویی بەکارهێنابێت(Lin, 2007:3629)، ڕێگن لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی CNNی ئەمریکی ڕایگەیاند، ئێران هەڵەبجەی کیمیاییبارانکردووە نەک عێراق(ئەبوبەکر،٢٠٠٨:٥٣٩). چارلس ڕێدامان لە ٢٣ی مانگی ئاداری ١٩٨٨ لە چوارچێوەی قسەیەکی گشتیدا ئیدانەی عێراقی کرد لەوەی پێشلی پرۆتۆکۆلی جێنێف-ی تایبەت بە قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کردووەو بەرپرسە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ڕاشیگەیاند ئاماژەش هەیە ئێران لەو جەنگەدا لە ڕێگەی تۆپەدوورهاوێژەکانییەوە بە چەکی کیمیایی بۆردوومانی کردووە(Hiltermann,2007:7). هەر ڕۆژێکیش دوای کیمیایی بارانکردنە، تارق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق جەختیلەسەر ئەوەکردەوە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا ئاسایی و لە ئاستێکی باش دایە(نوردەینی،٢٠٠٣:١٠٨).

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ٦١٢ی لە ٩ی ئایاری ١٩٨٨ پەسەندکرد، تێیدا ئیدانەی بەردەوامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد لە جەنگی عێراق- ئێران دا، جەختیکردەوە ئەمە

پێشلکردنی پرۆتۆکۆلی جنێڤە، ئەم بڕیارەش دوای ئەوەهات نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە نێردە ڕەوانەی عێراق و ئێران کرد کە جەختیان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردەوە، دواتر نوێنەری ئەمریکا بەیاننامەیەکی دەرکرد و لە بڕیارەکەدا داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرا ڕێگە نەدەن ئەو چەکە بگاتە هیچ لایەنێک، دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەش، نوێنەری ئەمریکا پشتوانی وڵاتەکەی بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش دەربڕی، ئەم هەڵوێستە دوای حەوت هەفتە تێپەڕبوو کاتێک ئێران بۆ یەکەمجار عێراقی بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تۆمەتبارکرد، بەڵام بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بە دیاریکراوی ئەوەی دیاری نەکردووە، کێ لە کیمیابارانی هەڵەبجە تاوانبارە (Lin, :3629 2007).عەبدولئەمیر ئەنباری نوێنەری عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە پرۆگرامێکی کەناڵی (ABC)ی دا، وێڕای ئەوەی ڕەتیکردەوە عێراق هێرشی کیمیایی ئەنجامدابێ، تاوانەکەشی خستە ئەستۆی ئێران، هاوکات بۆ پشتوانیکردنی لە قسەکانی ئاماژەی کرد بە وتەکانی چارلس ڕێدمان گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاتێکدا ڕاگەیاندبوو ئاماژە هەیە کە ڕەنگە ئێران ئەو هێرشەی ئەنجام دابێت(Hiltermann,2007:7).

کۆشکی سپی هیچ کاردانەوەیەکی لەبارەی بەکارهێنانی ئەو چەکە و کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە نەنواند تاوەکو ١٧ی مانگی ئایار، کاتێک لە بەیاننامەیەکدا لەهەمبەر کۆبوونەوەی ڕۆناڵد ڕێگن لەگەڵ شیمۆن پیرێز سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، فیتزەوتەر ماریلان Marlin Fitzwater سکرتێری ڕۆژنامەڤانی کۆشکی سپی ڕایگەیاند چەکی کیمیایی ژینگەی سەربازی زۆر بەدو شومی دروستکردووە ( , Public Papers of the Presidents of the United States 1990: 601)، ڕەخنەکانی تەنیا ئاراستەی ئەو چەکانە کرد کە بەکارهاتوون. گوتەبێژی کۆشکی سپی بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند" ئێمە لە کۆشکی سپی تەنیا هەمان ئەو ڕاپۆرتانەمان بینیوە کە ئێوە بینووتانە. زۆرسامناک، قێزەون و بێزارکەر بوون، دەبێت وەک وەبیرهێناوەیەک ببینرێن بۆ هەموو وڵاتان کە پێویستە چەکی کیمیایی قەدەغەبکرێت" (پاوەر،٣٠:٢٠٠٨). بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە عێراق، کورد و هەڵەبجە بکات. تەنانەت یەکێک لەو فاکتەرانی ئێرانی ملکەچکرد بۆ پابەندبوون بە وەستانی جەنگ لەگەڵ عێراق، بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو لە ئاست کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە بوو، ئەمە وەک نووسەرێکی دیاری ئەمریکا ئاماژەی بۆ کردووە(Hiltermann,2007:138).

لە ئاداری ١٩٨٨ ئێرانییەکان بە کۆپتەر ڕۆژنامەنووسە بیانییەکانی برد بۆ بینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە(ڕاندال،٢٠٠١: ٣٠٣) پەیامنێرە ئەمریکی و ئەوروپییەکانیش سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێرانیان کرد، لەوێ خۆیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ قوربانییەکان ئەنجامدا، لە ٢٤ی ئاداری ١٩٨٨ ڕۆژنامەکانی واشنتن پۆست (Post Washington)و لۆس ئەنجلۆس تایمز( Los Anglos Times) لاپەڕەی یەکەمیان بۆ ئەم ڕووداوە تەرخانکردبوو، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمریکاش بەشداریانکرد لە پەردەپۆشکردنی میدیایی چڕ بۆ چەند ڕۆژی داهاتوو. هاوکات کارمەندە ئەمریکییەکان جەختیانلەوەدەکرد، ناتوانن دڵنیابن لەوەی عێراق بەرپرسە لە ئەنجامدانی ئەو هێرشە (پاوەر،٢٠٠٨: ٢٩).

دوا بەدوای وەستانی جەنگی عێراق- ئێران،هەڵوێستی ئەمریکا لەوبارەوە گۆڕانکای بەسەردا هاتووە، لە ٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨، ڕێدمان گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەیاننامەیەکی وەزارەتەکەی خوێندووەو تێیدا ئاماژەی بەوەکرابوو "لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنمان بۆ بارودۆخەکە، بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرکەوتووە عێراق لە شاڵاوە سەربازییەکانی دژی پێشمەرگە کوردەکان سوودی لە چەکی کیمیایی وەرگرتووە، ئێمە نازانین عێراق تا چ ڕادەیەک سوودی لە چەکی کیمیایی وەرگرتووە، بەڵام هەر جۆرە سوود وەرگرتنێک لەم چەکانە، کارێکی بێ پاساو و دزێوە، ئێمە ئەم سوود وەرگرتنە لە چەکە کیمیاییەکان شەرمەزار دەکەین، بەردەوامیش عێراقمان شەرمەزار کردووە...وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش لە میانەی دیدارێکدا، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئەنجامدراوە، ئەمە بابەتەی لەگەڵ بەڕێز سەعدون حەممادی، وەزیری دەرەوەی عێراق باسکردووە"( میهۆ، ٢٠٠٩: ٦٦٢).

یەکەم لێدوانی فەرمی بەرپرسانی کۆشکی سپی بە ڕوونی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی عێراق- ئێران، لەدوای کۆتایی هاتنی دۆسییەی بارمتە ئەمریکییەکان لە لوبنان هات، کاتێک لە ٢٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨، ڕۆناڵد ڕێگن لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووکان ڕایگەیاند:"لە کاتی ئێستا تیرۆری شوم جارێکی دیکە لە جیهان بڵاوبووەتەوە...گازی ژەهراوی، چەکی کیمیایی، ئێمە ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەین لە جەنگی عێراق- ئێران دا، زیانی مرۆیی کارەساتباری لێکەوتەوە،بەها ئاکاریی و یاساییەکان دەخاتە مەترسییەوە، ئەو چەکە لە جەنگی یەکەمی جیهانی تاقیکراوەتەوە"(Public Papers of the Presidents of the United States,1990:1223-1224). تاوەکو ئەم لێدوانە هیچ ئاماژەیەک بە هەڵەبجە نەکراوەو، هیچ ئاماژەیەک نییە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە باڵیۆزی وڵاتەکەی کرد لە ئەنقەرە ڕاپۆرتێک لەبارەی ئاوارە کوردەکان ئامادەبکات لەگەڵ گرتنی وێنەکانیان، هاوکات دەزگای هەواڵگری ئەمریکاCIA و مانگەکانی دەستکرد ڕاپۆرتیان لەناوخۆی عێراق ئامادەکرد،بۆیە دوای دوو دڵییەکی زۆر جۆرج شوڵتز بۆ دواجار ڕایگەیاند، ئەمریکا بەڵگەی لەبەردەستە عێراق گازی لە دژی کوردەکان بەکارهێناوە. لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول ١٩٨٨ دوو ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگریس کە پیتەرگاڵبرێس و کریس ڤان هوللن بوو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو پرسە، دواتر ڕاپۆرتێکیان بەرزکردەوەو جەختیان لەوەکردەوە کە بەڵگەی یەکلاکەرەوەیان دەستکەوتووە دەیسەلمێنێت و پشتوانی لە ڕاپۆرتی CIAو مانگە دەستکردەکان دەکەن بەوەی عێراق گازی لە دژی کوردەکان بەکارهێناوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەکرد بێدەنگی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو کارە فاکتەرێکی سەرەکییە بەوەی عێراق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگاتە ئەو بڕوایەی کە دەکرێت کاری لەم شێوەیە ئەنجامبدات بەوەی پارێزبەندی تەواوی هەیە (کوولي،١٩٩٢:٢٣٣).

**تەوەری سێیەم: هەڵوێستی کۆنگرێسی ئەمریکا لە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە**

سەرەتا لە کۆنگریسی ئەمریکا هەڵەبجە بوونی نەبووە،شەش مانگ دواتر قۆناغێکی دیکەی پرۆسەکانی ئەنفال بەڕێوەچوون، ئەمەش دواتر وای لە کۆنگریسی ئەمریکا کرد هەنگاوی یاسایی بنێت بەمەبەستی سەپاندنی سزا بەسەر عێراق بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە، لە بەردەم کۆمیتەی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا، ئەو کات پیتەر بێرلیە Peter Burleigh جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئاسیا، دژایەتی وەزارەتەکەی لەبەرانبەر ئەم هەنگاوە دەربڕی ڕایگەیاند:"ئێمە ناتوانین پشتوانی لەم یاساییە بکەین،چونکە پێمان وانییە سزادان ئێستا لە ئامانجەکانمان نزیکمان بکاتەوە، بەشدار دەبین لەگەڵ ئەو لیژنەیە بۆ کۆتایی هێنانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق جارێکی دیکە و بەیەکجاری لە لیژنەکەتان ئاگاداربن، لە ١٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨، وەزیری دەرەوەی عێراق بە فەرمی ڕایگەیاندووە عێراق ڕێز لە هەموو یاساکان دەگرێت، پابەندە بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەندکراوە لەوانەش پرتۆکۆلی جێڤ-ی ساڵی ١٩٢٥ و ڕێککەوتننامەکانی دیکە کە لە چوارچێوەی یاسای کاری مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی دایە. پێمانوایە ئەو بەیاننامە هەنگاوێکی ئەرێنییە ئێمە گرنگییەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراق تاوتوێ دەکەین، بەڵام پێمانوایە لە ئێستا تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، لە هەوڵەکانمان لەگەڵ عێراق کەمدەکاتەوەو زیانی بۆ هەناردەکراوەکانی ئەمریکا دەبێت بەبێ ئەوەی ئامانجەکە بەهێز بکەین بۆ کۆتایی هاتنی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە"( Legislation to Impose Sanctions against Iraqi Chemical Weapons Use , 1988, 21:).

لەسەر ئاستی کۆنگریس دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە بوو لەوانە لانتۆس (Lantos) ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکا بەناونیشانی (پێشێلکارییەکان لە عێراق) یاداشتێکی بۆ سەرۆکی کۆنگرێس بەرزکردەوە تێیدا ئاماژەی بەوەکرد ڕای گشتی لە ئەمریکا کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو وێنە ترسناکانەی کە لە عێراقەوە هاتوون تێیدا ئەوە پیشاندەدەن گازەکانی سیانید، خەردەل و دەمارە گازییەکان لە دژی خەڵکی سڤیل بەکارهێنراون، نزیکە ٣هەزار بۆ ٥ هەزار ژن و منداڵ و پیر بەهۆی بەکارهێنانی گازەو لەلایەن حکومەتی عێراق گیانیان لەدەستداوە، باسی ئەوەشیکرد ئێستا کەشتییەکانی ئەمریکا، عێراق و هاوپەیمانەکانی لەکەنداو دەپارێزێت، ئیدارەی ئەمریکا پێویستە لە عێراق بگەیێنێت بەکارهێنانی ژەهراوییکردنی خەڵکەکەی جێگەی قبوڵکردن نییە، لەبەر چاوی کۆمەڵگەی شارستانی، ئەو کۆنگرێسمانە دەڵێ پێویستە نەتەوەکگرتووەکان شاند ڕەوانەی بکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەربەریەتە بکات کە قوربانییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە، پێویستە دەستبەجێ ئەو کارە بکات(Lantos, 2004:36).

ئەتکینز (Atkins) لە دانیشتنی کۆنگریس لە ١٩٨٨دا نیگەرانی خۆی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەربڕی کە بووەتە هۆی کوژرانی سەدان خەڵکی بێتاوان ئاماژەی بەوەکرد ڕاپۆرتە هەواڵەکان و دیمە ڤیدیۆییەکانیان بینوە کە چۆن خێزانەکان لەسەر سفرەی نانخواردنیان گیانیان لە دەستداوە، دایک و باوک باوەشیان لە منداڵی نێو بێشەکە داوە تاوەکو لە گازی ژەهراوی بیانپارێزن. لە بەشێکی قسەکەیدا جەختی لەوەکردەوە حکومەتی عێراق ئەو چەکەی لە دژی خەڵکی بێتاوان بەکارهێناوە کە بەهیچ شێوەیەکی پاساوی بۆ نییە بۆیە پرۆژە یاسایەک پێشکەش دەکات تێیدا ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق و ئێران دەکات، هاوکات هانی هاوڕێکانی داوە بێنەپاڵی و جەختی لەوەکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک نابێت بێدەنگ بمێنینەوە(ATKINS,1988:36.).

پۆرتێر( Porter) ئەندامی کۆنگرێس لە ٣٠ی ئاداری ١٩٨٨ بەناونیشانی"ئیدانەکردنی پێشلکارییەکانی عێراق بۆ سەر ئاسمانی تورکیا" باسی ئەوەیکرد حکومەتی عێراق هەر بە هێرشی کیمیایی بۆسەر هاووڵاتیانی سڤیلی هەڵەبجە نەوەستاوە، بەڵکو ئاسمانی تورکیاشی بەزاندووە، بۆردوومانی کەمپێکی پێشمەرگەی کردووە، تەنیا یەک کیلۆمەتر لە سنووری تورکیا دوورە، بەپێی یاسای پەیمانی باکووری ئەتلەسی ناتۆ(N.A.T.O) ئەمەی لەدژی تورکیا ئەنجامدراوە لە دژی هەموو ئەندامانی ناتۆ کراوە، هۆشداریشداوە لەوەی عێراق لەو ماوەیەدا هێرشیکردووەتە سەر کەشتی جەنگی ئەمریکا لە کەنداو، هەڵەبجەی بۆردوومانکردووە و پێشلکاریشی کردووەتە سەر تورکیای هاوپەیمانیان لە ناتۆدا، ئەو لەکاتی قسەکانیدا گوتی، با پاڵەوانانی هێزی ئاسمانی عێراق بزانن کە هێرشیانکردووەتە سەر کەشتی ئەمریکا و هەڵەبجە، بەم کارەیان دووژمنێکیان بۆخۆیان دروستکردووە کە لە ئێران گەورەترە (Porter, March 30, 1988) .

ڕۆژی ٢٤ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ لە دانیشتنێکدا ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بابەتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن عێراق و بەکارهێنانی ئەو چەکەی تاوتوێکرد،دوای گەنگەشەیەکی چڕوپڕی ئەم بابەتەو خستنەڕووی مەترسییەکانی لە کۆتاییدا پرۆژە بریاری ژمارە ٤٠٨ی پەسەندکرد کە ٩١ ئەندام بەڵێ و٩ ئەندامیش دەنگیان نەداو هیچ ئەندامێک لە دژ بڕیارەکە دەنگی نەدا، لە بڕیارەکەدا بە ڕوونی ئاماژەی بە کیمیابیارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە کراو ئیدانەشی کرا،بڕیارەکە ٦ خاڵی لە خۆگرتووە کە تێیدا هاتووە: ١- ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەین لەلایەن عێراق و ڕایدەگەیێنین ئەو کارە پێشلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە.٢- داوا لە عێراق دەکرێت دەستبەجێ و بۆ هەمیشەیی بەکارهێنانی ئەو چەکە ڕابگرێت.٣- فەرمان بە سەرۆک بکرێت ئیدانەی هێرشی کیمیایی عێراق بکات بۆ سەر هاووڵاتیان. ٤- هانی سەرۆک دەدرێت بۆ ئەوەی داوا لە هاوپەیمانەکانی بکات هاوئاهەنگی بکەن تاوەکو کۆنترۆڵی هەناردەکردنی چەکی کیمیایی بکرێت، بۆ

ئەو وڵاتانانەی دەیانەوێت توانای چەکی کیمیاییان پەرەپێبدەن.٥- دەربڕینی نیگەرانەی لەبارەی ئەو راپۆرتانەی باس لەوەدەکەن ئێران چەکی کیمیایی بەکاردەهێنێت و هانی دەدات هەوڵە دیپلۆماتکارە گونجاوەکانی بدات، تاوەکو ڕێگری بکات لەوەی ئێران پەرەی پێبدات، یاخود چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت.٦- هانی سەرۆک دەدرێت بەدواداچوون بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بکات بەپێی ڕێککەوتننامەی جنێڤ لەبارەی کۆنترۆڵکردن و ڕێگەنەدان و قەدەغەکردنی بەکارهێنان،بەرهەم هێنان،پەرەپێدان، کۆگاکردن، گواستنەوە و بەدەستهێنانی چەکی کیمیایی ( Condemnation Of The Use Of Chemical Weapons By Iraq, 1988 15918-15921:). بەڵام بەرژەوانییەکانی ئەوکاتەی ئەمریکا ڕێگربوو لەوەی ئەمە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە هەمان دانیشتنەکەدا مایکێل (Mitchell) ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا دا لەبارەی ئیدانەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق ڕایگەیاند خۆشحاڵە هاوکارانی پشتیوانی خۆیان بۆ پەسەندکردنی بڕیاری ژمارە ٤٠٨ دەردەبڕن تێیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق شەرمەزار و ئیدانە دەکات،داواش لە سەرۆکی ئەمریکا دەکات درێژە بە هەوڵەکانی بدات تاوەکو بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەو چەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغەبکات. هەروەها دەڵێ وێنە سەیرو سەمەرەکانی خەڵکی سڤیل، لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیان مردوون و وشکبوونەتەوە، هەموومانی هەژاند، بەڵام پێش ئەم ڕووداوە گەلێک نیشان و ئاماژەی دیکە لە بەردەست دابوون، سەبارەت بەوەی توانای بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەرەسەند دابووە، دەزانن لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢وە عێراق دەستیکردووە بە تاقییکردنەوەی چەکی کیمیایی بەهەڵەش بەو چەکە هێرشیکردووەتەسەر سوپاکەی خۆی. پشکێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ڕایانگەیاندووە عێراق لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٦ و سەرەتای ١٩٨٧ ئەو چەکەی لە دژی ئێران بەکارهێناوە، ئێستاش ئێران و عێراق، سوود لە مووشەکی ئاسایی وەردەگرن، کڵاوەی کیمیایی بۆ دەبەستن و پێوەی هێرش دەکەنە سەر شارەکان. مایکێل ڕاشگەیاندووە هێرشە کیمیاییەکانی ئەم دواییانە سیمبولی سەرنەکەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارا ڕێگا لە گواستنەوە ماددەی کیمیایی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بگرێت کە لەلایەن پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی جنێڤ قەدەغەکراوە، لە کاتێکدا نەتەوەیەکگرتووەکان بەردەوام بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراق شەرمەزارکردووە، بەڵام قەد هیچ جۆرە گەمارۆیەکی نەخستووەتە سەر ئەو وڵاتانەی کە پرۆتۆکۆلی جنێڤ پێشل دەکەن ( Condemnation Of The Use Of Chemical Weapons By Iraq, 1988, 15918-15921: ).

لای خۆیەوە کلاییورن پێڵ( Pell) ئەندامی ئەنجوومەنی پیران لە دانیشتنی ئەنجوومەنەکەدا ڕایگەیاندووە، "لەسەر سنووری تورکیا عێراق، هێماو نیشانەکانی تاوانێکی زۆر گەورەتر دەردەکەوێت بۆ جاری دووەم لەم سەدەیە دیکتاتۆرێکی دڕندە گازی کووشندە بەکاردەهێنێت بۆ

قەڵاچۆکردنی کەمینەیەکی ئەتنیکی جیاواز. ئەم جارە قوربانییەکە کەمینەی کوردی عێراقەو بکەری تاوانەکە سوپای عێراقە". ئاماژەی بەوەشکرد "ئەو هێرشە بۆ سەر کورد درێژەی هەیە هیچ گومان لەوەدانییە، ڕژێمی سەدام حوسێن بە نیازە ئەم هێرشە بکاتە دوایین ڕێگا چارەی کێشەی کورد. لە کاتێکدا خەڵک تووشی گازی کیمیایی دەبن جیهان بێدەنگە. ئەم بێدەنگییە چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە سەرچاوەی زۆری نەوتی عێراق، هێزی سەربازی و، هیوای تێکنەچوونی گفتوگۆ هەستیارەکان کە بە ئامانجی کۆتایی پێهێنانی جەنگی ئێران عێراق لە ئارادایە. بە هەر حاڵ ئەم بێدەنگییە لە جێگەی خۆیدا نییە، نیو سەدە لەمەوبەر جیهان لە بەرانبەر هیتلەر(Hittler) بێ دەنگ بوو( Statements On Introduction Bills And Joint Resolutions, 1988, 22877: ) کە نزیک بوو هیتلەر هەموو جولەکەکانی ئەوروپا لەنێو ببات، بۆیە ناتوانن لە بەرانبەر جینۆسایدێکی دیکە بێدەنگ بین (کوولي،١٩٩٢:٢٣٣).هەروەها دەڵێت"ئەمڕۆ گەڵاڵەی یاساکەم ڕادەستی ئەنجوومەن کردووە،هەموو یارمەتییە ئابوورییەکان دەپچڕێنێت،پێویستی بەوەهەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی ئەو قەرزانە دەنگ بدات کە دامەزراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بە عێراقی دەدەن و ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق قەدەغەدەکات، ئەم ڕێوشوێنانە بەردەوام بێت تاوەکو عێراق سوود لە گازی کیمیایی وەربگرێت، لە پێشلکردنی پرۆتۆکۆلی جنێڤ بەردەوام نەبێت و هێرشی جینۆسایدی خەڵکی کورد درێژەیان هەبێت"( Statements On Introduction Bills And Joint Resolutions, 1988, :22877. ). بەڵام کۆشکی سپی پێیوابوو پرۆژە بڕیارەکەی پێل هێشتا زووەو ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە (کوولي،١٩٩٢:٢٣٣). بۆیە وێڕای هەموو ئەمانە بەهۆی بەرژەوەندییەکانیان هەر بێ دەنگیان لێکرد تاوەکو داگیرکردنی کوێت.

پیس (Pease)،ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٨ی ئەیلولی ١٩٨٨ وێڕای ئیدانەکردنی ئەو کارە، جەختلەوەدەکاتەوە خەڵکی شارستانی دەبێت لە هەموو شوێنێک عێراق ئیدانە و شەرمەزار بکات: لە کۆنگرێس، ئەنجوومەنی نوێنەران، کۆشکی سپی، نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر شوێنێکی دیکە دەکرێت، پەیامی ئەوان ڕوون و ڕاشکاوانە، شێلگیرانە بێت کە بەکارهێنای چەکی کیمیایی جێگەی قبوڵکردن نییە (Outrageous Use Of Poison Gas By Iraq, 1988 : 22929). Porter ڕۆژی ٩ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە ئەنجوومەنی نوێنەران ئاماژەی بەوەکرد،عێراق بەشێوەیەکی گەمژانە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤی پێشلکردووە لە کاتێکدا گازی خەردەلی لە دژی کورد بەکارهێناوە، شۆلتز وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە عێراقی ڕاگەیاندووە درێژەدان بە سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی ئەو چەکە و پێشلکردنێکی دیکەی مافەکانی مرۆڤە و زیان لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق دەدات (The Gassing Of The Kurds, 1988:7331).هەروەها پێل (Pell) لە میانەی پەسەندکردنی یاساکە ڕایگەیاند، بارودۆخی کوردستانی عێراق پێویستی بە کاری خێرا هەیە، سوپای عێراق شاڵاوێک بەڕێوەدەبات تەنیا دەکرێت وەک جینۆسایدکردنی خەڵکی کورد لێکدانەوەی بۆ بکرێت. گوندە کوردنیشینەکانی باکووری عێراق لەگەڵ دانیشتوانەکانیان بە دینامێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتەقێنرێنەوە. تەنانەت سوپای عێراق لە هێرشە بەرفراوان و کاریگەرییەکانی بۆ سەر هاووڵاتیانی بێ پاراستنی کورد گازی ژەهراوی بەکارهێناوە. کردەوەکانی عێراق تاوانی دژی مرۆڤایەتییە دەبێت بە توندترین شێوە وەڵام بدرێتەوە، ئەو گەمارۆیەی ئەو گەڵاڵە یاسایە بەسەر عێراق دەسەپێنێت گرانن، بەو پێیەی ئەمریکا دژی پێدانی قەرز دەبێت بە عێراق لەلایەن ڕێکخراوە داراییە جیهانییەکاندا. ئەم گەمارۆییە سەخت و قورسە بۆ وڵاتێک کە ٦٠ بیلیۆن دۆلار قەرزارەو داوای قەرزیش لە ڕێکخراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان دەکات تا پارەی جەنگە قورسەکەی لەگەڵ ئێران دابین بکات. ئەم گەڵاڵە یاسایە هەموو کۆمەکە ئابووریی و داراییەکانی ئەمریکا بە عێراق دەپچڕێنێت کە ساڵانە نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن دۆلارە ناردنی هەموو شتێک قەدەغە دەکات، واتا ناردنی هەرشتێ کە لە کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی ئەمریکا دابێت. ئەم کارە خۆی لە خۆیدا ڕێگرە لە چوونی ئەو پێداویستییانەی عێراق پێویستی پێیەتی بۆ خستنەکاری پیشەسازی نەوت و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری کە لە ئەنجامی جەنگ پەکیکەوتووە، گەڵاڵەکە هەناردەکردنی نەوتی عێراقیش قەدەغەدەکات. هاوکات ئاماژەی بەوەکردووە لە ئەنجامی پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەیە هەندێک لە بەشە بازرگانییەکانی ئەمریکا تووشی زیان دەبن، دەشڵێت بە هەرحاڵ ئەمە پەیوەندی بە مەرگ و ژیانی سەدان هەزار کەسەوە هەیە بابەتێکی ئاکاری زۆر پیرۆزە (Meho, 2004: 48-49).

**تەوەری چوارەم: هەڵوێستی ئەمریکا لەبارەی پرۆسەی ئەنفال**

ئەنفال یەکێکی دیکە بوو لەو ڕووداوە گەورانە کە تاوەکو ئێستا کاریگەری و لێکەوتەکانی هەرماون، حکومەتی عێراق بە ئامانجی ڕیشەکێشکردنی کورد بە ژێرخان و سەرخانەکەیەوە شاڵاوی ئەنفالی دەستپێکرد مۆرکێکی ئاینی بە ئۆپەراسیۆنەکەدا ناوی نا ئەنفال کە سورەتێکی قورئانە، بە هەشت قۆناغ پەلاماری کوردستانی دا  کە بەم شێوەیە بوو: ئەنفالی یەکەم: ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی لە ٢٢ی شوبات تاوەکو ١٩ ئاداری بەردەوام بوو. ئەنفالی دووەم: ناوچەی قەرەداغ (٢٢ی ئادار تاوەکو ١ ی نیسان. ئەنفالی سێیەم: گەرمیان ٧ تاوەکو ٢٠ی نیسان. ئەنفالی چوارەم: ئەنفالی دۆڵەکانی زێی بچووک لە ٧ تاوەکو ٨ی ئایار. ئەنفالی پێنجەم، شەشەم وحەوتەم: ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندز لە ١٥ی ئایار تاوەکو ٢٦ی ئاب. ئەنفالی هەشتەم : ناوچەی بادینان لە ٢٥ی ئاب تاوەکو ٦ی ئەیلول. بەهۆی ئەو شاڵاوانەوە نزیکەی یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس دووچاری ڕاگواستن و ئاوارەیی بوون، زیاتر لە پێنج هەزار گوند و دێهات خاپوور کران، هەروەها نزیکەی سەد بۆ دوو سەدا هەزار کەسیش لەو شاڵاوانەدا لەنێوبران(ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ:ل ٣٧; نێرویی،٢٠١٠،بەرگی٢: ٩٧-١٢٦).

دوو مانگ و نیو دوای کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەو لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا، سەدام حوسێن ڕۆژی ١-٥-١٩٨٨ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری (المصور)ی میسری لەبارەی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە کەنداو، ئاماژەی بەوەکردووە مەترسی ڕاستەقینە بۆ سەر وڵاتانی کەنداو و عێراق لە ئێستا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دا بوونی کەشتی گەلی ئەمریکا نییە بەڵکو ئێرانە، جەختیکردەوە کاریگەری و بوونی ئەمریکا لە کەنداو بەهێزە، بەڵام بەهێزی و لاوازی ئەمریکا ئێستا لەخشتەی گرنگیدانیاندا نییە، هاتنی ئەمریکا بەم شێوەیە لە ئەستۆی ئێران و هەڵوێستە گوماناوییەکانیانە،هاتنەکەش لەسەر داواکاری کوێت بووە بۆ پاراستنی کەشتییەکان و گواستنەوەی نەوتی کوێت لە مەترسییەکانی ئێران، بۆیە ئەمریکییەکان لەم دۆخە هاتوون و پلە بە پلە بوونیان زیادیکردووە تاوەکو گەیشتوونە ئەوەی ئێستا(٥).

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیایی بارانکردنەکاندا سەردانی ئەمریکای کرد، ئیدارەی ڕێگن و هیچ دەسەڵاتدارێکی ئەو ئیدارەیە ئامادەنەبوو، پێشوازی لە تاڵەبانی بکات، بەڵام دواتر لەسەر داوا و بەهۆی ڕۆڵبینینی پیتەر گاڵپرێس ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگریسی ئەمریکا لاری پۆپ( Larry Pope) بەرپرسی ئۆفیسی عێراق و ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆی بێزارییەکانی لە دیمەکانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە بڕیاریدا چاوی بە تاڵەبانی بکەوێت(Galbraith,2007:40-41). کۆبوونەوەکە لە ژێرزەمینی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە بە ژێرزەمینی تەماویی(Foggy Bottom) ناسراوە بەڕێوەچوو، پۆپ هاوڕابوو لەگەڵ سیاسەتی ئیدارەی ڕێگن بۆ هاوکارییکردنی عێراق، بەڵام بە دیمەکانی هەڵەبجە هێندە بێزاربوو پێیوابوو پێویستە ئەمریکا نیگەرانییەکانی خۆی بۆ عێراق بە پێشوازییکردن لە تاڵەبانی لە وەزارەتی دەرەوەی دەرببڕێت، ئەمەش واتای پشتگوێخستنی ئەو بێباکییە خودسەپێندراوە بوو کە لە دەمێک بوو داوایدەکرد هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ کورد نەکرێت لەسەر حیسابی ئەمریکا (پاوەر،٢٠٠٨:٣٥).

ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانییدا لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووسان لەبارەی سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەمریکاو دیداروکۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا و ئەگەری نێوبژیوانی کردنی ئەمریکا بۆ چارەسەرکرنی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو دەوڵەتی عێراق و هۆکارەکانی ئەو دیدارە لەگەڵ تاڵەبانی دا، ڕێدمان Redman گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند،"چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی لەسەر داوای خۆی بوو، تاڵەبانی لە کاتی سەردانەکەیدا لە ئەمریکا داوای کردبوو چاوی بە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بکەوێت و لە ٩ی حوزەیران لەگەڵ بەرپرسی بەشی کاروباری کەنداوی باکوور لە ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا کۆبووەتەوە، هەروەها تاڵەبانی لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە باسی پرسی ئاوارەکان و مافەکانی مرۆڤی کردووە،سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ دۆزی کورد، سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کوردەکان دەبێت هەوڵبدەن لە چوارچێوەی وڵاتانی ناوچەکە،بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، ئەمریکا دەستوەرناداتە کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانە". هاوکات لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا چاوپێکەوتن لەگەڵ تاڵەبانی بە دەستوەردان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاروباری ناوخۆی عێراق دەزانن ؟ گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە نەخێر وەڵامی دایەوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: میهۆ،٢٠٠٩: ٦٦١).

بەهۆی پێشوازیکردن لە تاڵەبانییەوە، تارق عەزیز، وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕەتکردەوەو ئەمریکای بەوە تۆمەتبارکرد، دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەمریکا دەکات، عێراق زیاتر لە میدیاکانی ئەمریکا نیگەران بوو، لەوبارەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ هێورکردنەوەی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، ڕایگەیاند، "ئەمریکا دەستوەرناداتە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانەی، کە کەمینەی کوردیان هەیە"، لاری پۆپ سەرزەنشتکرا و ئەمریکاش جەختیلەوەکردەوە تەنیا لە دەرەوەی فەرمانگەکانی وەزارەتی دەرەوە، چاوی بەسەرکردە کوردەکان دەکەوێت، لەتیف ڕەشید ئاوەڵزاوی تاڵەبانی لەبارەی ئەو سەردانەدا دەڵێت" سەرەتا پێشوازییەکی گەرممان لێکرا خەڵک زۆر گرنگی پێدەدایین، بەڵام لە ناکاو لە شەو ورۆژێکدا دەرگاکان بە ڕوومان‌دا داخران و ئێمەش دەرکراین". لە کۆتاییدا پۆپ پێیوابوو کارەکەی وێڕای ئەوەی تۆڕەیی دروستکرد"لە جیاتی ئەوەی پەیامێکی نیگەرانی بۆ عێراق بێنرێت پەیامی ئەوەمان نارد کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق و تورکیا گرنگترە لە هەموو ئەو شتانەی کە سەدام حوسێن لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا ئەنجامی دەدا". تاڵەبانی ئاشنابوو بە بەهای پەیوەندی عێراق بۆ ئەمریکا سەرەڕای ئەوەش سەردانەکە هەندێک سوودی هەبوو، چەند کۆنگرێس مانێکی ناسی و ئاشنایەتی لەگەڵ پیتەرگاڵبرێس پەیداکرد، هەروەها یارمەتیدا بۆ دەرچوونی بڕیارەکەی سیناتۆر میتچڵ بۆ سەرکۆنەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٨دا بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، بەڵام چونکە بڕیارەکە هیچ سزایەکی لە خۆنەگرتبوو، سەدام دەستی نەپاراست لە بەر ئەوەش دەیتوانی دڵنیابێت لەوەی کە کۆشکی سپی لە پشتە، لە مانگەکانی شەش و حەوتدا عێراق لە هەموو ناوچەکانی کوردستان چەندین هێرشی کیمیایی دیکە ئەنجامدا (پاوەر،٣٦:٢٠٠٨). هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بێئاگایی خۆی لەو دیدارە دەربڕی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش بەبڕیارێک هەموو جۆرە کۆبوونەوەو دیدارێکی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق بە کوردیشەوە قەدەغەکرد (Galbraith,2007:41).

ڕیک فرەنکۆنە (Rick Francona) شرۆڤەکاری دەزگای هەواڵگری بەرگری سەربازی ئەمریکی کە ماوەیەک لە عێراقدا کاریکردووە و هاوکاری هەواڵگری سەربازی عێراقیشی کردووە لە ساڵی ١٩٨٨دا، دەڵێت"ئەو کاتەی لە عێراق بووم پێموابوو ئەنفال کوردەکان خۆیان ئەنجامیاندا، گوێبیستی ئەنفال نەبووم دواتر دوای ساڵی ١٩٩١ ئەوسا لە کوردەکانەوە زانیاریم لەبارەی ئەنفال دەستکەوت". قسەی ئەو شرۆڤەکارەی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لە وەزارەتی بەرگری کارێکی نا لۆژیکییە. دەزگای هەواڵگری سەربازی ئەمریکی ئەوکات وێڕای ئەوەی هەماهەنگ و هاوکاری عێراق بووە، بە گوتەی Walter Lang سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە دەزگای

هەواڵگری سەربازی دەزگاکەیان گرنگی بە پرسی کورد نەدا،بەڵکو ئەمە زیاتر جێگەی بایەخی دەزگای هەواڵگری ئەمریکاو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە لە چاوپێکەوتنێکدا بێگایی خۆشی لە پرۆسەی ئەنفال دەربڕیوە. نیوتن Newton باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا دەڵێت "ئێمە دەمانزانی گوندەکان وێران دەکرێن و خەڵک دەبرێنە بیابانەکان ئەو کات پێمانبوو کە ئەمانە لە سێدارەدەرێن...هەروەها دەمانزانی بارزانییەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە( لەساڵی ١٩٨٣)". نووسەرێکی دیاری ئەمریکی پێیوایە ئەوکات هۆکاری لاوازی زانیارییەکانی ئەمریکا لەبارەی ئەنفال و هیچ دەستوەرنەدانێک تەنانەت لە ئاستی دیپلۆماسیش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا سەرقاڵی بەرەی باشوور بێت، هەروەها بە بەهێزەوە پشتوانی لە عێراق دەکرد لەو جەنگەدا، وێڕای ئەمەش کوردەکان هاوپەیمانی ئێران بوون، بۆیە ڕژێمی عێراقی هەر چییەکی لێ بکردایان وەک بابەتێکی نێوخۆیی سەیر دەکران وەک بەکارهێنانی کیمیایی و خاپوور و وێرانکردنی دێهاتەکان (Hiltermann,2007:137 -138). نیوتن لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، ئەو کات زاراوەی (ئەنفال) لای ئەوان هیچ مانایەکی نەبووە بۆیە ئەگەر ڕوویدابێت یاخود نا،ئەوا هیچ شتێکی لای ئەوانەوە بەجێ نەهیشتووە بەڵام ئەو لەوبارەوە ئاگادارکرابووەوە، ئەمەش کاتێک لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران لە بەغدا سەردانی باڵیۆزی ئەمریکای کردووە ئاماژەی بەوەکردووە، ئێستا عێراق شاڵاوی (ئەنفالی یەک)و (ئەنفالی دوو) لە دژی کوردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و باشووری سلێمانی ئەنجام دەدات( Cable from US Embassy, April 6, 1988)

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ساڵی ١٩٨٩ بڵاویکردووەتەوە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ئاماژەی بەوەکردووە لە ساڵی ١٩٨٧ حکومەتی عێراق دەستی بە تێکدانی گوند ودێهاتی ناوچە کوردییەکان کردووە لە باکووری عێراق نزیکەی نیوملیۆن کوردو ئاشووری لادێنشینی گواستووەتە بۆ شار و شارۆچەکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکات، ڕاپۆرتیان بەدەستگەیشتووە کە دەیان هەزار کورد لە ناوچەکەو خانووەکانیان دەرکراون و لە کەمپەکانی دەرەوەی ناوچە کوردییەکانی ئاسایی خۆیان نیشتەجێکراون(COUNTRY REPORTS ON HUMAN 1988 RIGHTS PRACTICES FOR 1989: 1355). هەروەها جۆشوا. ئار. گیلدبەر جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ مافی مرۆڤ و کاروباری مرۆڤدۆستانە لە ڕاپۆرتێکدا لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠دا ئاماژە بە شاڵاوی کاولکاری گوندەکان دەکات و هێمای بۆ ئەوەشکردووە پاش ئاگربەستی عێراق و ئێران، عێراق بۆ دەرکردنی ڕاپەڕیوان لە شوێنەکانی ژێر دەستیان، بێ جیاوازی سوودی لە چەکی کیمیایی وەرگرت کە لە ئەنجامدا هەزاران پیاو و ژن و منداڵ کوژران، پاش ئەوەی سەربازانی عێراق ئەو ناوچانەیان گرتەوە، کاولکردنی گوند و شارۆچکەکان و گواستنەوەی دانیشتوانەکەی خێراتر بوو نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس لە سەرجەم دانیشتوانی کوردی عێراق دەربەدەر بوون. لە بەشێکی ڕاپۆرتەکدا باسی ئەوەکراوە،"سەبارەت بە نیگەرانی ئێمە لە هەمبەر ڕەفتاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کوردانی عێراق، هەڵوێستی ئێمە ئەوە نییە کە لەگەڵ ڕیشەو ئامانجەکانی ڕاپەڕینی کورددا بین بەڵکو ئەوەیە سەبارەت بەو پێشلکاریانەی مافی مرۆڤ هەڵوێست وەربگرین کە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بە فەرمی ناسراون. ئەمریکا پشتوانی لە یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەکات و جەختلەوەدەکاتەوە کوردەکان دەبێ لەو چوارچێوەیەدا هەوڵبدەن بە شێوازی ئاشتیخوازنە ئامانجەکانیان دەستەبەر بکەن". ڕاپۆرتەکە باسی دۆسیەی ٢٩ منداڵ و گەنجی کوردی کردووە کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ لە سێدارەدراون لەگەڵ ئاماژەکردن بە لە سێدارەدانی سەدان هاووڵاتی سڤیل کە ژن و منداڵانی تێدابووە کە لە بنکەی سەربازی تانجەڕۆ لە پارێزگای سلێمانی لە سێدارەدراون. لە ٨ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کۆمەڵێک بەڵگەیان لەبەر دەستە کە هێزەکانی عێراق چەکی کیمیاییان دژی کورد بەکارهێناوە و سوودوەرگرتن لەو چەکانەشی شەرمەزاراکردووە لەو کاتەوە گەلێک گروپ وەک (لیژنەیەکی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا)، (پزیشکانی مافەکانی مرۆڤ)، (پشکێنەرانی بەریتانی) کە خاکەکەیان پشکنییەوە ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە عێراق سوودی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی وەرگرتووە لە دژی کورد، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ( Amnesty International)ش لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٨٨دا ئاماژەی بەوەکردووە، لایەنی کەم ١٧ منداڵی کورد کە تەمەنیان لەنێوان ١٤ بۆ ١٧ساڵان بوون لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ لە سێدارەدراون، باسی ئەوەشیکردووە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ کوردە نەیارەکانیان ژەهرخوارد کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥دا ٣٠٠ منداڵ و گەنجی کورد دەستگیرکراون تەرمی ٢٩کەسیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان کراون، پێش کووشتنیان لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧دا ئازار و ئەشکەنجە دراون و شوێنەواری ئەشکەنجەدان بە جەستەیانەوە دیار بوونCOUNTRY REPORTS ON HUMAN RIGHTS PRACTICES FOR 1988 , 1989 : 1356; لۆکمان،٢٠٠٩:٣٣٦-٣٥٠). بەشێوەیە کۆشکی سپی ئەمریکا ئاگادار تاوانەکان بووە، بەڵام بەهۆی بەرژوەندی تایبەتی خۆی لێبدەنگ کردووە.

شیفتەر( Schifter) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ مافی مرۆڤ و کاروباری مرۆیی لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا لێدوانێکدا ڕایگەیاند لە ئەنجامی دوو هێرشی عێراق بۆ سەر دوو شاری کوردنشین ژمارەیەک زۆر خەڵکی سڤیل کوژراون، بەپێی هەڵسەنگاندەکان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٨ هەزار کەس کوژران و زیاتر لە ٥٠ هەزار کوردی عێراق لە ترسی هێرشی کیمیایی لە کۆتایی مانگی ئاب بۆ تورکیا و زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسی دیکەش بۆ ئێران هەڵاتوون لەمەش زیاتر لە ساڵی ١٩٨٨دا عێراق درێژەی داوە بە بەرنامەی ڕاگواستنی کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکانەوە بۆ ناوچە چیاییەکان و هەروەها بۆ کەمپەکان، بنەمای ئابووری کشتوکاڵی ئەم خەڵکە بەتەواوی لەنێوچووە زیاتر لە ٥٠٠ گوند بەتەواوی خاپوور بوون، ژمارەی ئەو کەسانەی لە زێدی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیان ڕاگواستراون بۆ شوێنەکانی دیکە بە نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەخەملێنرێن(لۆکمان،٦٦٥:٢٠٠٩).

لای خۆیەوە، نزار حەمدون باڵیۆزی عێراق لە ئەمریکا هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە لەبارەی کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی کوردو بانگهێشتی بەرپرسانی ئەمریکای کرد بۆ ئەوەی سەردانی عێراق بکەن بەمەبەسی ئاگاداربوون لە ڕاستییەکان، لەو نێوەندەدا پیتەر گاڵبرێس ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کۆنگریسی ئەمریکا بڕیاریدا بۆ دووەمین جار لە ساڵی ١٩٨٧ سەردانی عێراق بکات دوای ئەوەی پێشتر لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ یەکەم جار سەردانی عێراقی کردبوو بۆیە بانگهێشتەکەی قبوڵکرد. گاڵبرێس لە سەردانی دووەمیدا کۆمەڵێک دیمەنی بینی کە وایان کرد دواتر بڕوا بەوەبکات کە عێراق چەکی کیمیایی لە دژی کورد بەکارهێناوە. لە بەرانبەردا ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانییە عێراق لە ساڵی ١٩٨٧دا شاڵاوەکانی دڕندانەتر دەکرد چۆن ڕێگەی بە سەردانی ئەمریکییەکان داوە. عێراق پێشتر هەرگیز لەبارەی تاوانەکانی دژ بە کورد سزانەدرابوو، پێدەچێت دڵنیابێت لەوەی هیچ باجێک نادات کە ئەگەر تاوانەکانی ئاشکرابن، سەدام حوسێن ئەوکات بە بازرگانی نهێنی چەکی ئەمریکا لەگەڵ ئێران نیگەران بوو، بۆیە نزار حەمدون هیواداربوو بە ڕاخستنی فەرشی سوور بۆ گاڵبرێس هاوسەنگییەکە بەلای عێراق بشکێتەوە، ئەوەبوو گاڵبرێس بە یاوەری باڵیۆزی ئەمریکا سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کرد،بەراوردێکی ئەو کات و سێ ساڵ لەوبەری کرد کاتێک سەردانی کوردستانی کرد بوو، گاڵبرێس تا شەقڵاوە بێ هیچ گرفتێک چوو، دواتر سەردانی هەندێک ناوچەی گەرمیانی کرد نووسراوی جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق لابووە بۆ ئەنجامدانی سەردانەکە. گاڵبیرس و باڵیۆزی ئەمریکا بە چاوی خۆیان ئەو وێرانکاریانەیان بینی کە بەسەر ناوچە کوردییەکان داهاتووە، لە کاتێکدا گوندە عەرەبنشینەکان وەک خۆیان ماونەتەوە، ئەم سەردانەو جەنگ کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر گاڵبرێس دانا ئەگەرچی لە قوربانییەکانی جەنگی خوێناوی عێراق- ئێران و بەردەوامی وێرانکاریی گوندە کوردییەکان تێگەیشتبوو، بەڵام بەشی خۆی لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٨٧ی تەرخانکردبوو بۆ جەنگەکە، شازدە لاپەڕە لە چل ونۆ لاپەڕە تایبەت بوو بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕاپۆرتەکە بەناوی "جەنگ لە کەنداوی فارس:ئەمریکا پاڵپشتی لایەنێک دەکات" بوو جەختیلەوەکردەوە وێڕای دڕندەیی حکومەتی بەغدا، ئەمریکا ناتوانێت ڕێگەبدات عێراق لەو جەنگەدا بدۆڕێنێت. گاڵبرێس داوای نەکرد سەدام حوسێن سزابدرێت لەسەر تاوانەکانی دژ بە کورد، لە ڕاستیدا بە ئەستەم باسی کوردی کردبوو، کاتێکیش باسیکردووە وەک خەڵکێک باسی نەکردوون کە شایانی گرنگی پێدابن وەک مرۆڤ بەڵکو وەک کۆمەڵێک کە یاخیی بوونەکەیان بووەتەهۆی لاوازکردنی عێراق لە بەرانبەر ئێراندا، نیگەرانی لەوە دەربڕیوە کە پێدەچێت کێشەی کورد گورزێکی کووشندە لە توانای بەرگری عێراق بدات، هێزە کوردییەکان زۆر بەهێز بوونە و ئێستاش هەڕەشەیەکی سەرەکی سەربازیین بۆ سەر عێراق لە کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردییەکاندا. ڕاپۆرتەکە ئاماژەیەکی خێرای بەوەدابوو کە گاڵبرێس و ڕانکلین بینیوویانە وەک باسکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێرانکردنی گوندەکان، بەڵام هیچ هۆشدارکردنەوەی گەورەی لە نەگرتبوو کە خوێنەر ئاگاداربکاتەوە لە توندی سەرکەوتکردنەکە یان ئەگەری وێرانکاری زیاتر. گاڵبرێس وەک"یاخیبوو"،"بەرهەڵستکار"و "هاوپەیمانی ئێران" ئاماژەی بە کورد کردبوو، ڕاپۆرتەکە باسی لەوەکردبوو، عێراق مامەڵەی باشتربووە لەگەڵ کورد وەک وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. هاوکات نیگەرانی ئەوەشی دەربڕیوە یاخبوونی کوردەکان نزیکەی ١٥٠ هەزار سەربازی عێراق لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ دوورخستووەتەوە، عێراق ڕووبەڕووی جەنگێکی تاقەتپڕوکێن دەبووەوە لە باشوورو باکوور دا، سەرەڕای ئەوەی ئێران پاڵپشتی دەکردن، ئەمەش وەک کارێکی خراپ سەیردەکرا بۆ ئەمریکا (پاوەر،٢٠٠٨:١٩-٢٠). بەڵام دواتر گاڵبرێس ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی گێڕا لەگەڵ ژمارەیەک سیناتۆری دیکەی ئەمریکا وەک پێل، پرۆکسیمایەر و ژمارەیەک کۆنگریسمانی دیکە بۆ دەرکردنی "یاسای بەرگرتن لە جینۆساید" لە ٨-٩ی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٨دا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاوەر،٢٠٠٨: ٣٨-٤٣).

بەشی مافەکانی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئاماژەی بەوەکردووە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ هێزەکانی عێراقی لە هەڵمەتەکانیدا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، دواتر بەهۆیەوە لایەنی کەم ٦٠ هەزار کورد بەرەو سنوورکانی تورکیا هەڵاتوون،وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە بەڵگەی یەکلاکەرەوەیان لایە کە عێراق چەکی کیمیایی لە دژی کورد بەکارهێناوە و ئیدانەی بەکارهێنانی کردووە. دواتر شاندێکی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا و پزیشەکانی مافەکانی مرۆڤ تاقگەیەکی بەریتانی پشکنینیان بۆ سامپلی ئەو خاکە کردووە، دووپاتکراوەتەوە کە عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە لە هەڵمەتەکانیدا. لای خۆیەوە عێراقش نکۆڵی دەکات چەکی کیمیایی لە دژی کورد بەکارهێنابێت(COUNTRY REPORTS 1988 ON HUMAN RIGHTS PRACTICES FOR , 1989 : 1356 ).بەرپرسانی ئەمریکا لە وەزارەتی دەرەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک چاودێری جوڵە سەربازییەکانی عێراقیان دەکرد زانیاری زۆر باشیان هەبوون لەبارەی سیاسەتە دڕندانەکانی سەدام و ڕاگواستن. لاری پۆپ سەرپەرشتیاری ئۆفیسی عێراق- ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت:" ڕاپۆرتەکان لە عێراقەوە زۆرباش بوون هەندێکجار دواکەوتن هەبوو بەلای زۆرەوە دوو هەفتە بوون، بەڵام ئێمە دەمانزانی کەشتێکی سامناک ڕوودەدات دەمانزانی عەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتیاری کووشتارەکە دەکات، وێنەی سەتەلایتمان هەبوو پیشانی دەدا کە چۆن گوندەکان تەفروتووناکران"، بەڵام وێرای زانیاری و ڕاستییەکان کەچی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، وێرانکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی وەک کارێکی ڕەوا و کاتی لە قەڵەم دەدا و جەختیلەوەدەکردەوە عەلی حەسەن مەجید بەم نزیکانە کۆتایی بە شاڵاوەکانی دەهێنێت، باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلیگرافێکدا نووسیویەتی"لە جیاتی ئەوەی هەر گوندێک بەتالیۆنێک سەرباز بە فیڕۆبدرێت، گوندەکان دەڕوخێنن و دانیشتوانەکەی لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێ دەکرێن، دواتر ئەمە هێواش دەکرێتەوەو لە هاوین دەوەستێنرێت"، تەنانەت کارمەندانی باڵیۆزخانە

بەکارێکی ئاسایی وەریانگرتبوو باڵیۆزخانە زۆر بە سادەیی نووسی بووی"عەلی حەسەن مەجید سەرکوتکارییەکی دڕندانەی گرتووەتەبەر کە بەشێک لەمانە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە" (پاوەر،٢٣:٢٠٠٨) .

میدیای ئەمریکی سەرەتا ئەوەندە گرنگیان بە دۆزەکە نەدا دواتر میدیاکانی ئەمریکا بەرەبەرە ئەو پرسەیان وروژاند لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٧دا، نیویورک تایمزی ئەمریکی ( The New York Times)، ئاماژەی بەوەدا لە شەش مانگی ڕابردوودا عێراق نزیکەی ٥٠٠ گوندی تەقاندووەتەوە، بەڵام لە ئەمریکا ئەو ئاماژانە وەک بەشێکی دانەبڕاوی جەنگ پێشوازیان لێدەکرا. ئالان کاوڵ پەیامنێری تایم، شاڵاوەکانی وەک کووشتاری خەڵکی بێتاوان لە قەڵەم نەدا بەڵکو وەک "هەوڵی توند بۆ نەهێشتنی پەناگەی یاخیبووانی کورد" ناوبرد(پاوەر،٢٤:٢٠٠٨). هەروەها بەشی مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٨٨دا باس لە دەستگیرکردن و بێسەرشوێنکردن و ئەشکەنجەدانی سەتان گەنجی کورد دەکات لەلایەن دەزگا ئەنییەکانەوە، بۆنمونە یەکێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژەی بە ٢٩ گەنج ومنداڵی کورد دەکات ئازار و ئەشکەنجەدراون دواتر لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧دا لە سێدارە دراون بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن،هەروەها نزیکەی ٣٠٠ گەنج و منداڵی کورد لە ساڵی ١٩٨٥ دەستگیرکراون ئازارە و ئەشکەنجە دراون(COUNTRY REPORTS ON 1988 HUMAN RIGHTS PRACTICES FOR 1989 , : 1357 ).

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلولی ١٩٨٧ بەردەوام لە ڕاپۆرتدان بوو لەبارەی شاڵاوەکانی لەنێوبردنی کورد هەفتەیەک دوای دەنگدانی سێنات لەبارەی یاسای بەرگرتن لە جێنۆساید، مۆرتن ئەبرامۆویتز باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە تایلاند کە یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بوو بۆ کاروباروی هەوڵگری و لێکۆڵینەوە یاداشتێکی نهێنی بۆ وەزیری دەرەوە نارد بەناونیشانی "گۆرانی قاز بۆ کوردەکانی عێراق" تێیدا ئاماژەی بەو بەڵگانە کردبوو کە نیشانی دەدەن عێراق چەکی کیمیایی دژی کورد بەکارهێناوە لە ٢٧ی ئابی ١٩٨٨ و نووسیبوی"ئێستا دوای ئاگربەست (لەگەڵ ئێران)،هێزەکانی حکومەت لە ئامادەباشی دان بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی یاخیبوونی کورد... پێناچێت بەغدا هەست بە هیچ ڕێگرییەک بکات لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی یاخییبووەکان، لە دژی ئەو گوندانەی پەنایان دەدەن".هاوکات ئاماژی بەوەکردووە زۆربەی گوندە کوردییەکان لەژێرهەڕەشەی لێداندان هێزەکانی سەدام هاوشێوە لەگەڵ چەکدار و بێ چەک دا مامەڵە دەکەن، بەڵام هەموو ئەمانە شتێکی ئەوتۆی لە وەزارەتی دەرەوە نەگۆڕی و کۆشکی سپی سوور بوو لەسەر خۆدزینەوە لە ڕەخنەگرتن لە عێراق لە ٣ی ئەیلولی ١٩٨٨ پەیامێک لە وەزارەتی دەرەوە ڕەوانەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق کرا و داواکرابوو بۆ بەرپرسانی عێراقی روونیبکەنەوە لەوەی ئەمریکا تێدەگات کە کوردەکان پاڵپشتی ئێرانیان کردووەو دەزانن کێشەکە کێشەیەکی مێژووییە. شاڵاوەکانی عێراق ببونە هۆی شەرمەزای ئەمریکا بەهۆیەوە بۆ ڕۆژی دواتر ئەپریل کاسرین گلاسپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(April C.Glaspie) باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە نزار حەمدوونی ڕاگەیاند"عێراق کێشەیەکی گەورەیی پەیوەندیی گشتی هەیە" و، ئەپریل سەرنجی دایە هەواڵی سەرەکی کەناڵی BCC ی لە بەیانی ٤ی ئەیلول لەبارەی کیمیایی بارانەوە، ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر چەکی کیمیایی بەکارنەهاتووەو ئەگەر کوردەکان وەک مێگەل فڕێنەدراونەتە کەمپەکانی لە ناوبردنی هاوشێوەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە کەواتە ڕەوایە عێراق ڕێگەبدات بە چاودێرە سەربەخۆکان بۆ ئەوەی سەردانی ناوچە کوردییەکان بکەن، حەمدوون نکۆڵی لە چەکی کیمیایی کرد، بەڵام گوتی داواکارییەکەی لەو کاتەدا ئەستەمە وێرای ئەوەی شەڕەکە لە چەند ڕۆژێکی دیکە کۆتایی پێدێت. هاوکات سەرەنجی باڵیۆزخانە لەبارەی کۆبوونەوەکە ئەوەبوو "کە چەندین ڕۆژە ئاشکرابووە کە سەدام بڕیاریداوە بۆ ئەنجامدانیت هەموو ئەو شتانەی کە سوپا بە پێویستیان دەزانن بۆ هێورکردنەوەی تەواوی باکوور"(پاوەر،٢٠٠٨:٣٥-٤٤). ڕۆناڵد ڕێگن لە یاداشتەکانی خۆیدا ڕۆژی ٨ی ئەیلولی ١٩٨٨ ئاماژەی بەوەکرد،جۆرج شولتز بە باڵیۆزی عێراقی ڕاگەیاندووە عێراق لە دژی کوردانی سڤیل گازی بەکارهێناوە، بەڵام باڵیۆزی عێراق ئەمەی ڕەتکردووەتەوە،بەڵام جۆرج ئەمەی خستووەتە بەردەمی، ڕێگن دەڵێت " ئێمە بەڵگەمان هەبوو" (Ronald Reagan ,2007:645 ).

هەروەها لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٠ی بەشی مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەوەکراوە بزووتنەوەی چەکداری کوردی لە ساڵی ١٩٨٩ بەردەوامە، بەڵام لە ئاستێکی کەمتر بانگەشەی ئەوەی دەکرێت حکومەت چەکی کیمیایی لە دژی هاووڵاتیانی کورد بەکارهێناوە لە ساڵی ١٩٨٩ وەک چۆن لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنجامیدا، بەردەوامیشە لە پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەرهەق بە دانیشتوانی کورد، حکومەتی عێراق لە مانگی تەمموزی ١٩٨٩ ڕایگەیاندووە لە هەڵمەتەکانی بەردەوامە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووان ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەی لە ساڵی ١٩٨٧ دەستپێکردبوو،بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئەمنی بەدرێژایی تەواوی سنووری عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەیدا حکومەتی عێراق گوندەکانی نێو ئەو ناوچەیەی بە درێژایی ٣٠ کیلۆمەتر تێکداو ٥٠٠٠٠٠ کورد و ئاشووری گواستەوە شارەکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکات و شارەکان بپارێزێت (Reports On Human Rights Practices For1989 (1412-141:1990

بەپێی ڕاپۆرتی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٩ی بەشی مافەکانی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سەدان کورد لە ساڵانی ڕابردوو لە لایەنە هێزە ئەمنییەکان و دەزگای هەواڵگری عێراقی دەستگیرکراون و شوێن بزرکراون ترسی ئەوەیە هەیە زۆربەیان لەسێدارەدرابن ( Reports On 1412):Human Rights Practices For1989,1990

کاتێک عێراق کوێتی داگیرکرد هاوکێشەو دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات ئەمریکا ڕای گۆڕا، بەڵام ئەو کاتیش وەک دکتۆر مەحمود عوسمان باسی دەکات هیچ حیسابێکی بۆ کورد نەکرد ئەمریکا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆچی بە ملیۆنی بۆ سەر سنووری ڕوویدا، تەنانەت تاوەکو گەیشتە ئەوەی ئۆزال سەرۆککۆماری تورکیا بە ئەمریکای ڕاگەیاند ٦٠٠هەزار کەس ئاوارە لەسەر سنووری ئەوادان، ئەگەر ئەمریکا کارێک نەکات بۆ پارێزگاری کردن لە کورد و بیانگەڕێنیتەوە شوێنی خۆیان ئەوا تورکیا ئەو کارە دەکات بۆیە ئەو کات ناچاربوو کارێک بکات،"جەیمس بیکەر وەزیر دەرەوەی ئەمریکا بە فڕۆکەهاتە سەر سنووری تورکیا لەنێو ئەو قەرەباڵغیە دابزی و ئاوارەکان لە چ دۆخێکی خراپ دابوون، ئیتر ناچار بوون بوو بە شەرمەزاریی، هەموو میدیای جیهانی و خەڵک باسی دەکرد ناچاربوون هەندێک سەربازیان هێنا و کامپیان دروستکرد، لەگەڵ ناوچەی ئارام بەڵام ئەویش شتێکی مرۆیی بوو نەک سیاسی" (عوسمان،چاوپێکەوتن: ٢٠١٩/٥/٨.). بەم شێوەیە لەماوەیدا هیچ شتێک نەبوو بەناوی پرسی کورد لای ئەمریکا، دەیان تاوانیش لە دژی گەلی کوردستان کراون، بەڵام ئەمریکای بەهۆی بەرژوەندییەکانییەوە خۆی لێ بێدەنگ کردووە، لەکاتێکدا ئاگاداری ڕووداوەکان بووە بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکان و پرۆسەی ئەنفالیشەوە کەچی هیچ سزایەکی سەدام حوسێنی نەداوە، بگرە هاوکاریشی کردووە لە ڕووی پارەو چەک و پێداویستی سەربازیشەوە(سامەرائی، چاوپێکەوتن،٢٠١٩/٥/١٣).

## پەراوێزەکان

(١)- دوای هەرەسهێنانی شۆڕش ١٩٧٥، لە مانگی تشرینی یەکەم سەرکردایەتی کاتی پارتی دامەزرا لەلایەن ژمارەیەک بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان . (الحزب الديموقراطي الكردستاني- القيادة المؤقتة، البيان الاول لتشكيل القيادة المؤقتة، ١٠كانون الاول ١٩٧٥).

(٢)-کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ١٠ی حوزیرانی ١٩٧٠ دامەزراوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حەمەدئەمین،٢٠١٦: ٦٩)

(٣) - یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١-٦-١٩٧٥ دامەزرا، الهيئة المؤسسة الاتحاد الوطني الكردستاني، البيان الاول للاتحاد الوطني الكردستاني ١ حزيران ١٩٧٥. نەوشیروان مستەفا یەکێک لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی دەڵێ یەکەمین بەیاننامەی یەکێتی بۆنەی دامەرزاندنی لە ٢٢-٥-١٩٧٥ لە شام و لە ١-٦-١٩٧٥ لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە. (ئەمین،١٩٩٧: ٧١).

(٤)-بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، سەرەتا ناوی بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە بوو گوایە چەوت و لادانە سیاسییەکانی پێشوو ڕاست دەکەنەوە، لەلایەن ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، تاهیر عەلی والی، عەلی هەژار، خالید سەعید، عومەر دەبابە، سەعدی گچکە، ڕەسول مامەند و کاردۆ گەلاڵی و مەلاناسح لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تەنیا،٢٠١٩: ٢٧-٣١ ٣١. حەمەدئەمین ،٢٠١٣: ٢٢-٢٥.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٥)- دەقی چاوپێككەوتننەكەی سەدام حوسێن لە ڕۆژنامەی ئەلعێراق بڵاوكراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: العراق،١٩٨٨ العدد (٣٧٤٠).

## لیستی سەرچاوەكان

**یەكەم: بەڵگەنامەكان:**

**یەكەم: كوردییەكان:**

-پارتی دیموكراتی كوردستان( سەركردایەتی كاتی)، ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد (هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەیاننامەی نوێی ( پ.د.ك)، ڕاپۆرتی سەركردایەتی كاتی (١١-١٥ ئابی ١٩٧٦).

- ڕێكخراوی چاودێری مافی مرۆڤ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،(٢٠٠٠)،عێراق و تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی كورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جەمال میرزا عەزیز، چ ١، بەرلین.

- كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی ئەمریكا( كوردستانی عێراق)،(٢٠٠٩) ئامادەكردنی: لۆكمان میهۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، وریا ڕەحمانی،( هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات.

**دووەم: ئینگلیزییەكان:**

**یەكەم: بەڵگەننامەكانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا**

-COUNTRY REPORTS ON HUMAN RIGHTS PRACTICES FOR 1988 ,( 1989)،REPORT SUBMITTED TO THE COMMITTEE ON FOREIGN RELATIONS U.S. SENATE AND COMMITTEE ON FOREIGN AFFAIRS U.S. HOUSE OF REPRESENTATIVES BY THE DEPARTMENT OF STATE ,WASHINGTON FEBRUARY .

-COUNTRY REPORTS ON HUMAN RIGHTS PRACTICES FOR 1989 ،(1990)،REPORT SUBMITTED TO THE COMMITTEE ON FOREIGN RELATIONS U.S. SENATE AND COMMITTEE ON FOREIGN AFFAIRS U.S. HOUSE OF REPRESENTATIVES BY THE DEPARTMENT OF STATE , WASHINGTON FEBRUARY.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-Cable from US Embassy , Baghdad, to Secretary of State , 1988 Baghdad 01888, April 6, 1988 (FOIA-Author).

-Murphy, Richard W, (1988),US Role in the Persian Gulf and the Middle East peace Process, US Department of State, Washington DC, April 1988.

دووەم: بەڵگەنامەکانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا

-Condemnation Of The Use Of Chemical Weapons By Iraq, June 24, 1988(Senate).

-Legislation to Impose Sanctions against Iraqi Chemical Weapons Use, Markup before the Committee on Foreign Relations, House of Representatives, US Government Printing Office, Washington DC, 1988.

-Mr. Lantos, The Outrage in Iraq ,March 24 1988(House).

-Mr. ATKINS, Legislation Condemning Use Of Chemical Weapons by The Governments Of Iran and Iraq.

-Mr. Porter, (Condemn Iraqi Violation of Kurdistan Airspace) House, March 30, 1988.

-Outrageous Use Of Poison Gas By Iraq, September 8, 1988 (House).

-Statements On Introduction Bills And Joint Resolutions, September 8, 1988 (Senate).

-The Gassing Of The Kurds, September 9, 1988 (House).

سێیەم: عەرەبییەکان:

-الحزب الديموقراطي الكردستاني- القيادة المؤقتة، البيان الاول لتشكيل القيادة المؤقتة، ١٠كانون الاول ١٩٧٥.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-الهيئة المؤسسة الاتحاد الوطني الكردستاني، البيان الاول للاتحاد الوطني الكردستاني ١ حزيران ١٩٧٥.

**دووەم: چاوپێکەوتن:**

-عوسمان، دکتۆر مەحمود ٢٠١٩/٥/٨،چاوپێککەوتن، هەولێر.

-سامەرائی، وەفیق،٢٠١٩/٥/١٣ چاوپێکەوتن( لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی تۆمارکراو)، هەولێر-لەندەن.

**سێیەم: کتێبە کوردییەکان**

-ئەبووبەکر، هەڤاڵ،(٢٠٠٨ )، ئەنفال جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک لە بێدەنگیدا، کۆنگرەی بە جیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، هەولێر، ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨.

- ئەمین،نەوشیروان مستەفا،(١٩٩٧)، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ١٩٧٥-١٩٧٨، ئەڵمانیا، برلین.

- بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال،( ٢٠٠٩) و: سۆران عەلی، پێداچوونەوە: عەبدولکەریم شێخانی،چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

- تەنیا، ئیسماعیل، (٢٠١٩)، حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی ١٩٧٦-١٩٩٣،( هەڵکشان... داکشان... پەرتەوازەبوون)، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- پاوەر، سەمانسا،(٢٠٠٦)،ئەمریکاو ئەنفال، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار کەریم، چ ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- حەمەدئەمین، ئەحمەد،(٢٠١٣)، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦- ١٩٨٢ توێژینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری" کلتور"، ژمارە (٩)، سلێمانی.

- حەمەدئەمین، د.ئەحمەد،(٢٠١٦)، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نمونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- ڕاندال، جۆناتان سی ،(٢٠٠١) کوردستان دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی؟ یان کڵۆڵی نەتەوەیەک، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: خەسرۆ شاڵی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ویڵز بۆ یارمەتیدانی کورد، ئەنستوتی کورد لە پاریس.

- ساڵح، گۆران ئیبراهیم، (٢٠١٣)، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥-٢/ئابی ١٩٩٠، چ١،هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.
علي. د.عثمان، (٢٠٠٨)، مسقبل العلاقات الامريكية الكوردية، هل ستصبح كردستان مستعمرة امريكية.

- عیسا، د. صالح ملا عمر،(٢٠٠٨)، قەیران خولْقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، وەرگێرانی: سلێمان تاشان، هەولێر، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی.
- نێروەیی، عەلی تەتەر،(٢٠٠٨)، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (١٩٨٠ -١٩٨٨)، پێداچوونەوەو پێشەکی: د. عەبدولفتاح عەلی بۆتانی، دهۆک، خانەی سپیریز بۆ چاپ و بلاوکردنەوە.

مام جەلال، دیداری تەمەن- لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، (٢٠١٧)،چاوپێکەوتن، ئامادەکردنی سەلاح رەشید، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

- نورەدینی،عومەر،(٢٠٠٣)، سیستمی نوێ ی جیهانی و دۆزی کورد کوردستانی عێراق وەک نمونە،چ١،هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

**چوارەم: کتێبە عەرەبییەکان:**

-عقراوي،شكيب، (٢٠٠٠) ، سنوات المحنة في كردستان ١٩٥٨-١٩٨٠،ط١، اربيل، مطبعة منارة.

- كوولي، جون ، (١٩٩٢) , الحصاد/ حرب امريكا الطويلة في الشرق الاوسط، ترجمة: عاشور الشامس، الطبعة الرابعة، بيروت-لبنان، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر.

- العراق، العدد (٣٧٤٠)،١٩٨٨/٥/٧.

**پێنجەم: کتێبە ئینگلیزییەکان:**

-Hiltermann, Joost R.,( 2007) ,A poisonous Affair / America, Iraq, and the Gassing of Halabja, New York, Cambridge University Press.

- Galbraith، Peter W.,(2008) The End of Iraq: How American Incompetence Created a War without End Paperback ,Publisher Simon & Schuster.

-Kelly, Michael J., (2008), Ghost of Halabja Saddam Hussein and Kurdish Genocide , Westport, Connecticut, London.

-Lin, Sharat G., (2007)," US Lying about : Justifying the Invasion of Iraq", Economic and Political Weekly, Vol.42.No36 (September 8-14).

-Meho, Lokman I., (2004),The Kurdish Question in U.S Foreign Policy / A Documentary Sourcebook, Westport, Connecticut London.

-Public Papers of the Presidents of the United States :Ronald Regan 1988, Book 1 January 1 to July 1, 1988, US Government Printing Office, Washington DC, 1990.

REAGAN، RONALD, (2007),THE REAGAN DIARIES ,EDITED BY DOUGLAS BRINKLEY, PUBLISHER HARPER PERENNIAL, NEW YORK.

# موقف امريكا تجاه القضية الكوردية في جنوب كوردستان (١٩٨٠ـ ١٩٨٨)

## دراسة تاريخية سياسية

### ملخص البحث

بعد نكسة (1975) أدارت الولايات المتحدة الأمريكية ظهرها للكورد بشكل كامل، حيث تعرض الكورد لصدمة نجم عنها فقدان شديد للأمل، في حين كانوا قد عقدوا آمالاً كبيرة على أمريكا، وهذا الموقف الإعراضي من أمريكا تسبب بإزعاج الكورد بصورة عامة، لذلك فإن الأحزاب التي عادت بعد عام (1975) إلى الميدان اتخذت موقفاً معادياً لأمريكا، ورأت أنها خانت الكورد. وكانت أمريكا تؤكد دائماً أن المسألة الكوردية شأن داخلي، لا بدَّ أن يُحلَّ في داخل العراق. كذلك كانت مساعي الكورد للتقرب من أمريكا أحادية الجانب.

ان الحرب العراقية – الإيرانية (1980-1988) جعلت أمريكا أكثر قرباً من العراق، إضافة إلى أنها قدمت له السلاح والمعلومات الإستخباراتية المُهمّة، وأدى ذلك مع مرور الزمن إلى زيادة التباعد بين الكورد وأمريكا، بناء على قاعدة (عدوّ عدوّي صديقي) فإن الكورد ازدادوا قرباً من إيران، وهذا أثار حفيظة أمريكا. وبسبب مصالحها فإن الإدارة الأمريكية التزمت الصمت إزاء كل تلك السياسات القَمعية التي اتّبعها النظام العراقي بحقّ الكورد، حتى بلغ به الأمر أن استخدمَ السلاح الكيماوي وقصف به مدينة حلبجه في (1988/3/16)، كما قام بعمليات الأنفال وتدمير قرى ومناطق كوردستان، ومع أن الإدارة الأمريكية كانت على دراية بذلك، إلا أنها من أجل مصالحها، آثرت الصمتَ، لكنْ إلى حدٍّ ما، كان ثَمَّةَ اختلافٌ بين سياسة الإدارة الأمريكية والكونغرس والإعلام الأمريكي، إضافة إلى أن الكونغرس

ومجلس النواب الأمريكي خَطَوا بعض الخطوات ضد النظام العراقي، لكنْ تمَّ الاعتراض على تلك الخطوات من قِبلِ الإدارة الأمريكية.

بعد انتهاء الحرب العراقية-الإيرانية، طرأ بعض التغيرات على الأوضاع السائدة انذاك، حيث أخذ الإعلام الأمريكي والكونغرس يتحدثون بصورة أشدّ من السابق بخصوص القصف الكيميائي وقمع الكورد، ونتيجة عدة تطورات أُخرى في المنطقة والعالم، فإن أمريكا، شيئاً فشيئاً، بدأت تسحب دعمها لصدّام، لكنها لم تكن مستعدة أن تُبدي إزاء الكورد أي تقدُّم.

# US Position on Kurdish Issue in Southern Kurdistan (1980-1988)

## A Historical-Political Research

Khaleel Ali murad
Department of History, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Iraq
khaleel.murad@su.edu.Krd

Nihro Mohammed Abulqader
Department of Social Science, College of Baisc Education, University of Salahaddin, Erbil, Iraq
Nihro.abdulqader@su.edu.krd

***Keywords:*** Kurdish, US, Halabja, Anfal, genocide

## Abstract

Following the demise of Kurdish revolution in 1975, the US turned their back on the Kurds completely. Kurds became hopeless and were shocked because they had pinned much hopes on them. This rigorous stance from the US angered Kurds as a whole. Therefore, those parties who came into existence after 1975 pursued some sort of anti American slogans believing that the US betrayed Kurds.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The US repeatedly made it clear that the Kurdish issue was a domestic issue of Iraq. Kurds trying to enjoy close relations with the US was absolutely unilateral. The Iran-Iraq war paved the way for Iraq to forge relationships with the US to the degree they even received arms and intelligence information from Washington. With time passing Iraq played the role of distancing Kurds from the US. Following the ‘Enemy of my Enemy is my Friend’ the US paved the way for Kurds to get close to Iran, a move which angered Washington. Due to their interests and policies, the US turned a blind eye on Baath regime’s repressive acts against Kurds including the use of chemical weapons against Kurds in 1988 in the city of Halabja which claimed the lives of 5000 civilians and wounded 10000 more, the notorious Anfal genocide campaign and the destruction of thousands of Kurdish villages. There was, however, a degree of differences in stance between the then US administration and the Congress.

Though the Congress and House of Representatives took a set of measures against the Baath regime, the US administration objected them. Following the end of Iraq-Iran war, the situation changed to some extent as the US media and Congress appeared to speak louder against the use of chemical weapons against Kurds. The US started to put an end to their supports to Saddam due to regional and global developments, yet the Kurds were not part of their agenda.